# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالی حەوتەم ژمارە (145) بەرواری 1–6–2023 بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت





## پیرۆز بێت ڕۆژی جیهانی منالآن

## وتەی ژمارە

## ئامانج لە بڕیاری دادگای فیدرالی عێراق و لێکەوتە سیاسیەکانی!!

عەبدولا مەحمود

کۆتایی ئەم مانگە دادگای فیدرالی عێراق، درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستانی بە نایاسایی و پێچەوانەی دەستور ناساند، بە پێیەش سەرجەم بڕیاریەکانی پەرلەمانی کوردستان کە لەدوای ٦/١١ وە دراون نایاساییین و ریسی هەموو ئەو یاسایانەی لەو ماوەیەدا دراون دەبنەوە بەخوری.



بەجیا لەناوەرۆکی دادگای فیدرالی عێراق و چۆنیەتی پێکهاتن و باگراوندی ئەم دادگایە، بە نایاسایی ناساندن و نادەستوری بوونی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان، ناتوانرێت تەنها وەکو دۆسیەیەکی یاسایی تەماشابکرێت، بەڵکو چەندە دۆسیەیەکی یاساییە هێندە زیاتریش سیاسییە. مێژووی پەرلەمانی کوردستان لەهەر پێنج خولەکەی پێشوودا، جووتە لەگەڵ درێژکردنەوەی پەرلەمان. واتە هەموو خولەکان پەرلەمان بەپاساوی بەرژەوەندی پارتی و یەکێتی درێژکراوەتەوە، دادگای فیدرالیش، کێشەیەکی نەبووەو بۆ جارێکیش ئەو درێژکردنەوانەی بە نایاسایی و نادەستوری نەناساندووە، ئەوەی ئەم جارە دادگای فیدرالی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بە نایاسایی و پێچەوانەی دەستور بڕیار لێدەدات، دەرهاویشتەو ئاکامی گۆرانی هاوسەنگی هێزی نێوان بەغدا و هەرێمە. پێشوتر توانای بەغدا لەبەرامبەر بە هەرێمدا سنوردارتر لە ئێستا بوو، لە ئێستادا بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی لە ڕێرەوی پاشەکشەیەکی بەردەوامدان و تا دێت لەبەرامبەر بە بەغدا و بزوتنەوەی ناسیونالیستی و ئیسلامی عیراقدا، سەری تەسلیم بوون دادەنەوێنن و دۆسیە بناغەیەکانی هەرێم لەدەستی دەسەڵاتی هەرێمدا دەردەهێنرێن. چۆن دۆسیەی نەوت لە دەستی دەسەڵاتی هەریم دەرهێنراو ئاواش دۆسیەی یاسایی هەرێم، لە پرسە سەرەکیەکاندا، لەدەستی دەسەڵاتی هەرێم دەردەهینریت و گورزی یاسایی وەکو پشتیوانەی هەژموونی سیاسی ناوەند بەسەر هەرێمدا، زۆتر بەدەستەوە دەگیرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی هەرێم چۆن دەرگیری ئەزمەیەکی سیاسی بەردەوامە لەگەڵ بەغدا لەسەر دەیان پرسی دیارکراو، ئەوا

بۆ لاپەڕە 2

## یەکییەی کریکاریی خزمەتگوزاری و بازرگانی گشتی بەریتانیا کە یەکێکە لەگەورەترین یەکێتییە کرێکارییەکان پشتیوانی شۆڕشی ئێران دەکەن!



ڕۆژانی ٢٣،٢٤،٢٥ ئایار کۆنفرانسی یەکیتی کرێکاریی خزمەتگوزاری و بازرگانی گشتی بەریتانیا لە شاری برایتن بە بەشداری دەیان نۆێنەری هەڵبژێردراو ژمارەیەکی بەرچاو لە چاودێرو میوان لەسەراسەری شارەکانی بەریتانیاوە بەرێوەچوو. یەکیتی کریکاریی خزمەتگوزاری و بازرگانی (PCS)کە یەکێکە لە گەورەترین یەکێتیە کریکارییەکان و لەماوەی رابردودا دەیان پیکیتی نارەزایەتی وخۆپیشاندان ومانگرتنی نارەزایەتی لەدژی گرانی و هەڵئاواسان و لیکەوتەکانی جەنگ لە

بۆ لاپەڕە 3

## بەرگری لە کەمپی پەنابەرانی مەخمور ئەرکی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و هەموو حزب و رێکخراوەیەکی سیاسی و جەماوەری و پێشکەوتنخواز و ئینسانییە...



لەم رۆژانەدا جارێکی تر کەمپی مەخمور کەوتە بەردەم هێرشی سوپاو هێزە ئەمنیەکانی عێراق، بەمەبەستی چوار دەورگرتنی بە تەلبەند و دیوار. بەڵام جاریکی تر ئەم هەوڵەی هێزەکانی عێراق کەوتنە بەردەم نارەزایەتی جەماوەری ناو کەمپەکە و بەیەکدادان لەنیوان سوپا و خەلکی ناو کەمپەکە روویدا و لە ئاکامدا ژمارەیەک لە پەنابەر بریندار بوون...

بۆ لاپەڕە 3

## بەبۆنەی رۆژی جیهانی منالآن، دیمانەیەکی تایبەت سەبارەت بە منالآن لە بەرنامەی دنیایەکی باشتردا لەگەڵ مەنسور حیکمەت!..ل11

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- دەسەلات بە کردەوە پووچی دامودەزگا فەرمییەکان ڕادەگەیەنێت................ل4
- زیارەتی گۆڕی ڕابەڕانی ناسیونالیزم، بۆچی..............................ل4
- کاکەلاو تەحسین وەلام بەدوو پرسی رۆژ دەداتەوە..............................ل5
- منالآن زولملیکراوترین بەشی کۆمەڵگەن..............................ل6
- توندوتیژی بەکۆمەڵ دژ بەئافرەت و هزری کۆمەڵایەتی..............................ل7
- دابران لە نەرێت و شێوەکاری چەپی رادیکاڵ مەرجی..............................ل9
- بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری..............................ل10


## دۆسیەی ژمارە "سەبارەت بە "ئامانج و ئایندەی ڕێکەوتنی پارتی و یەکێتی"



شوان حەمە وەڵامی پرسیارەکانی دۆسیەکەی داوەتەوە...ل12


پرسی ڕۆژ ل5

پرسی ژن ل7

گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8

# درێژەی وتەی ژمارە

بریاری یاساییش وەکو پشتیوانەی بریارە سیاسیەکان زیاتر بەدەستەوە دەگیرێت و ئەزمەی یاسایی و دەستوریش یەخەگری دەسەڵاتی هەولێر دەبێت. پرۆسیسی قوتبی کردنەوەی دەسەڵاتی ناوەند لە ئاستی سەراسەری عێراقدا، بڕگەیەکی تازەیە و لە هاوسەنگیەکی تازەی نیوان دەسەڵاتی هەرێم و بەغدادا دەچێتە پێشەوە.

ئەم ئاڵوگۆرە لە هاوسەنگی نیوان بەغدا و هەرێم و برەوپەیداکردنی توانا و بریارە یاسایی و دەستوریەکان بەغدا بەسەر هەرێمدا و وەکو پشتیوانە بۆ هەنگاوە سیاسیەکان و کەم کردنەوەی قەڵەمرەوی سیاسی ناسیونالیزمی کورد، ململانیی نێوان هیزەکانی ناو خانەوادەی بۆرژوای کورد زیاد دەکات و ئاڵوگۆر بەسەر ناکۆکیەکاندا دەهێنێت. ئەم بریارەی دادگای فیدرالیٚ دۆسیەی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن لە کوردستان و کاراکردنەوە و هەموارکردنەوەی کۆمیسیۆن، پرسی کۆتاکان، تا دەگاتە دۆسیەی سەرژمێری...تاد، لەنێوان پارتی و یەکێتی کۆتایی پێدەهێنیت. هاوکات ئەو بوارە بۆ هەمیشە لەدەستی پارتی و یەکێتی و حزبەکانی تری بزوتنەوەی کوردایەتی دادەخات کە هەمیشە بە مەبەستی سیاسی و بۆ درێژەدان بەقەڵەمرەوی سیاسیان تەمەنی پەرلەمانی دیکۆریان درێژ دەکردەوە و ئۆپۆزیسیۆنی بودەڵەش ئەمەی وەکو کەمپەینێکی راگەیاندنی سیاسی و بانگەشەی هەڵبژاردنەکان، بەدەستەوە دەگرت.

ئەم ئاڵوگۆرە ململانێی نیوان پارتی و لەسەر چەند دۆسیە کۆتایی پێدەهێنێت بەتایبەت ئەو مەسەلانەی پەیوەندی بە هەڵبژاردنەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ خۆیدا دۆسیەی تر دەکاتە سەنتیزی ململانێی نیوان پارتی و یەکێتی.

ئەم بڕیارەی دادگای فیدرالیٚ هیچ رێگایەک بۆ حزب و هێزەکانی کوردستان ناهێڵێتەوە جگە لەوەی بە خیرایی دەست ببەن بۆ هەڵبژاردن. بەڵام پرسیار ئەوەیە پارتی و یەکێتی دەتوانن لانی کەم لەسەر هەڵبژرادن رێک بکەون و لەماوەی ٦ مانگی داهاتوودا لەژێر سەرپەرشتی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی بەغدادا، هەڵبژاردن لە هەرێم ئەنجام بدەن؟ ئایا بەو نائامادەییەی کە پارتی و یەکێتی بەگشتی بەتایبەتی یەکێتی هەیەتی، دەتوانێت پارتی و یەکێتی بگەیەنێتە ئەو باوەرەی هەڵبژاردن بکرێت، ئەگەر نەکرێت چی روودەدات؟ بەتایبەتیش لەدۆخی ئیستادا کە چ پارتی و چ یەکێتی هەوڵیان ئەوەبوو کە هەڵبژرادن دوابخرێت تا لانی کەم بتوانن گرفتە سەرەکیەکەی بەردەم هەڵبژاردن، کە بایکۆت و بەشداری نەکرنی جەماوەری و قوڵبوونەوەی بێ متمانەیی جەماوەرییە بە هەڵبژرادنەکان وەڵام بدەنەوە، ئێستا کە ئەم گرفتە بناغەییە ماوەتەوە و لەلایەکی تریشەوە گوشاری ئەمریکا و غەرب لەسەریان بۆ هەڵبژاردن زیادی کردووە، یەکێتی پارتی دەخاتە بەردەم ململانێی تازەوە و ئاسۆی سیاسی ئەم بزوتنەوەیە لە دۆسیەکی بەناو یاساییدا، رووبەڕووی بنبەستێکی چار هەڵنەگر دەکاتەوە.

پارتی و یەکێتی لەشەقامدا رووبەڕوون لەگەڵ نارەزایەتی جەماوەری و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەگیری گوشاری ئەمریکا و غەرب و لە ئاستی یاسایی و دەستوریدا، بەغدا دۆسیەی هەڵبژادنی لەدەست دەرهێنان... ئەوە سێ کوچکەی هەژموونێکە کە دەسەلاتی ناسیونالیزمی کورد بەگشتی و دەسەڵاتی داسەپاوی پارتی و یەکێتی رووبەڕووی دۆخێکی تایبەتی دەکاتەوە و ناکۆکی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد، زۆر زیاتر لەوەی هەیە قوڵ دەکاتەوە، وە بەناچار دەبێ مل بە هەڵبژاردنێکی ناخواستە بدەن... هەڵبژاردنێک لەگەڵ ئەوەدا کە هەڵبژاردن لە دۆخی و هەرێم و ژێر سایەی دەسەڵاتی میلیشیاییدا، ناتوانێت هیچ ئاڵوگۆریکی بناغەیی پێک بهێنێت و وەلام بە پرسە سیاسی و حقوقیەکانی خەڵکی کوردستان بداتەوە، بەڵام گومان لەوەدا نییە پرسی هەڵبژاردنەکان چەکێکی ململانێی نیوان پارتی و یەکێتییە، لانی کەم بۆ فریودانی رای ناوخۆ و بۆ شێواندنی رای فەرمی دنیای دەرەوە. بۆیە دۆسیەیەکی قورس و ئەزموونیکە لەبەردەم پارتی و یەکێتیدا. جەماوەری کوردستان لەگەڵ ئەوەدا دەزانن کە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بەرهەمی هەڵبژاردن و رەوایەتی یاسایی نییە و پەرلەمان دیکۆرێکە، بەڵام هاوکات لە کایەی هەڵبژاردنەکاندا، بە بایکۆت و بەشداری نەکردن، بەرەیەکی تری خەباتی خۆیان لەدژی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی کردۆتەوە و بەکردەوە رەوایەتی هەڵبژاردنیان، لەناو نارەواییی هەڵبژاردندا. نیشان داوە.

لەم دۆخەدایە چ پارتی و یەکیتی و چ هێزەکانی تری بەناو ئۆپۆزیسیۆن، ئامادەبن یان نا... ناچارن کایەی هەڵبژاردن وەکو مەیدانێکی گرنگی ململانێی گەران بەدوای" شەرعیەت" دا، بەدەستەوە بگرن، تا رەوایەتی دەسەڵاتی میلیشیایی و نۆکەر پیشەییان، بەرەوا بەسەر خەڵکی کوردستان و وەکو بژاردەی ئەوان وێنا بکەن.

هەر ئەوەشە وای کردووە کە هەموو حزب و هیزەکانی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد و میدیای وابەستەو رێگەپێدراویان، رای بگەیەنن کە ئەگەر هەڵبژاردن نەکرێت "قەوارەی هەرێم" رووبەڕووی بۆشایی یاسایی و مەترسی داروخان دەبێتەوە. دەیانەوێت لەرێگای ئەم لێدوانانە، لەلایەکەوە خەڵکی کوردستان بەترساندنی هەرەشەی دەرەکی، لەلایەکی تریشەوە بە کۆتایی هاتنی "قەوارەی هەرێم" بترسێن و ناچار بە دەنگدانیان بکەن.

ئەوە لە کاتێکداتە کە "قەوارەی هەرێم" جگە لە دەربڕینێک بۆ دەسەڵاتی سیاسی هەرێم و "بۆشایی یاسایی" جگە لەدەستکۆتاکردنی ناسیونالیزمی کورد لە قەڵەمرەوی سیاسیدا زیاتر شتێکی تر نین. جغرافیای سیاسی هەرێم و نادیاری ئایندەی سیاسی کوردستان و پێگە حقوقیەکەی، کە پەیوەندی راستەوخۆی بە ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستانەوە هەیە، پارتی و یەکێتی و سەرجەم بۆرژوازی کورد، خۆیان کۆسپێکی سەرەکی بەردەم رێگاچارەیەکی سیاسی و کارسازن بۆ دیاریکردنی ئایندەی سیاسی کوردستان. خۆبەستنەوەی پارتی و یەکێتی بە سیاسەتەکانی ئەمریکا و غەرب، بەردەوامی دان بە بێئیرادەکردنی سیاسی خەڵکی کوردستان و نەبوونی ئەلتەناتیفێکی بەهێزی سیاسی، کە نەخشە رێگایەکی تر بۆ ئایندەی سیاسی کوردسان و نوێنەرایەتی بکات و بۆی تێبکۆشێت، هیشتا گرفتێکی تری بناغەیی و حاشاهەڵنەگری ئەم دۆخەی ئیستایە.

کۆتایی ئایاری ٢٠٢٣

**چۆن دۆسیەی نەوت لە دەستی دەسەڵاتی هەریم دەرهێنراو ئاواش دۆسیەی یاسایی هەرێم، لە پرسە سەرەکیەکاندا، لەدەستی دەسەڵاتی هەرێم دەردەهینریت و گورزی یاسایی وەکو پشتیوانەی هەژموونی سیاسی ناوەند بەسەر هەرێمدا، زۆتر بەدەستەوە دەگیرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی هەرێم چۆن دەرگیری ئەزمەیەکی سیاسی بەردەوامە لەگەڵ بەغدا لەسەر دەیان پرسی دیارکراو، ئەوا بریاری یاساییش وەکو پشتیوانەی بریارە سیاسیەکان زیاتر بەدەستەوە دەگیرێت و ئەزمەی یاسایی و دەستوریش یەخەگری دەسەڵاتی هەولێر دەبێت...**

**ئەم ئاڵوگۆرە لە هاوسەنگی نیوان بەغدا و هەرێم و برەوپەیداکردنی توانا و بریارە یاسایی و دەستوریەکان بەغدا بەسەر هەرێمدا و وەکو پشتیوانە بۆ هەنگاوە سیاسیەکان و کەم کردنەوەی قەڵەمرەوی سیاسی ناسیونالیزمی کورد، ململانیی نێوان هیزەکانی ناو خانەوادەی بۆرژوای کورد زیاد دەکات و ئاڵوگۆر بەسەر ناکۆکیەکاندا دەهێنێت...**

**"قەوارەی هەرێم" جگە لە دەربڕینێك بۆ دەسەڵاتی سیاسی هەرێم و "بۆشایی یاسایی" جگە لەدەستكۆتاكردنی ناسیونالیزمی كورد لە قەڵەمرەوی سیاسیدا زیاتر شتێكی تر نین. جغرافیای سیاسی هەرێم و نادیاری ئاییندەی سیاسی كوردستان و پێگە حقوقیەكەی، كە پەیوەندی راستەوخۆی بە ئیرادەی سیاسی خەڵكی كوردستانەوە هەیە، پارتی و یەكێتی و سەرجەم بۆرژوازی كورد، خۆیان كۆسپێكی سەرەكی بەردەم ڕێگاچارەیەكی سیاسی و كارسازن بۆ دیاریكردنی ئایندەی سیاسی كوردستان. .**

## درێژەی: یەکییێی کریکاریی خزمەتگوزاری و بازرگانی گشتی بەریتانیا کە یەکێکە لەگەورەترین یەکێتییە کرێکارییەکان پشتیوانی شۆڕشی ئێران دەکەن!

ئۆکرانیا و هاوکات داواکاری زیاکردنی هەقدەستی کریکارانی کردووە. شایەنی باسە نۆینەرانی بەشدار لەم کۆنفرانسە نۆێنەرایەتی سەدو بیست هەزار کریکاریی بەریتانیا دەکرد، هەروەها ئەوانە لەڕێگەی تۆری کۆمەلایەتیەوە بەشدار بوون نۆێنەرایەتی چوار هەزار کریکاریان دەکرد. لەم کۆنفرانسەدا چەندین بریارو بریارنامە کە پێشتر ئامادەکرابوون و خرابوونە بەردەم کۆنفرانس لەپەیوەند بەدۆخی کریکاران وئەندامانی یەکیتیەکە و داکۆکی لەمافەکانی پەنابەران وە لەبەشی نیو نەتەوەییدا چەند بریاری تایبەت بە یەمەن وئیران خرابوونە روو بۆ قسەکردن و دەنگدان لەسەر بریارە پیشنیاریەکان.

یەکیک لەوبریارە گرنگانەی کۆنفرانس بڕیاری پشتیوانی بوو لە راپەرینی و بزوتنەوەی شورشگیرانەی جولانەوەی کرێکاریی لە ئێراندا، کە لەکۆنفرانسی یەکیتی کرێکاریی خزمەتگوزاری و بازرگانی گشتی بەریتانیا بەتێکرای نۆینەرانی بەشداربووە کۆنفرانس دەنگی هێنا.

دیارە بەدوای خرۆشانی شورشگێرانەی ژنان و لاوان کریکارانی ئیران و پێکهاتنی کۆمیتەی هاوپشتی لەگەل جولانەوەی کریکاریی ئیران، نامەیەک خرابووە بەردەم یەکیتی کریکاریی خزمەتگوزاری و بازرگانی گشتی بۆپشتیوانی لە کریکاران و ژنانی ئیران.

کۆمیتەی هاوپشتی لەگەل جولانەوەی کریکاریی ئیران لە کۆبوونەوەیەکدا لەپەرلەمانی بەریتانیا کە لەلایەن ئیمە لە نۆڤمبەری ٢٠٢٢ راگەیەنرا، جۆن ماکدۆناڵد ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیاو خزێنەداری پیشوی حکومەتی سێبەر سەرپەرشتی دەکات کۆمیتەکە بەوناوەوە پێکهات ئەم کۆمیتەیە ئاماژە

بە ڕاپەڕینی بەردەوامی خەڵکی ئێران دەکا ت کە بەهۆی نارەزایەتییەکان بەدوای مەر گی مەهسا ئەمینییەوە سەری هەڵداوە، تیشک دەخاتە سەرپرسەکانی ماف ی ژنان و دژایەتیکردنی ئاپارتایدی جێندەری لە ئێران، دژ بەگرتن و سزادانی هەڵسوراوانی سیاسی و سزای لە سێدارەدانی بۆ خۆپیشاندەرانە، لەگەڵ ئەوەشدا پرسەکانی ئازادی و یەکسانی و هەروەها مافی خەڵک بۆ دیاریکردنی ئایندەی خۆیان لە ڕێگەی ئەنجومەن ونوێن ەری ڕاستەوخۆ و ڕاستەقینەی خۆیانەوە دیاری بکەن. ئەم کۆمیتەیە تێبینی نارەزاییە نەپچڕاوەکا ن و مانگرتنی بەردەوامی کرێکارانی ئێران دەکات، ئەم کۆمیتەیە خواستی دەرکردنی سەفارەتخانەی جمهوری ئیسلامی ئێران و تەریکردنەوەی لەڕووی دیپلۆماسی و ئیدانەکردنی لەسەر کوشتاری خۆپیشاندەران و گوشار خستنەسەری بۆ دەستبەجێ ئازادکردنی خۆپیشاندەران تا کۆتایهێنان بە تەقەکردن و توندوتیژی بەرامبەر خۆپیشاندەران و میلیتاریزەکردن و گەمارووی شاروشارو شاروچکەکان وە سزادانی هەموو ئەوانەی خۆپیشاندەرانیان کوشتوە، دەخاتە بەردەم پەرلەمان تا لەڕیگای پەرلەمانەوە بدرێ بە حکومەتی بەریتانیا. هاوکات کار دەکات لە ئاستی گشتیدا لەسەر ئەوەی کە داوا بکرێت کە ڕێگا بدەن خەڵکی ئێران ئازادانە بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆیان بدەن و دەولەتان دەخالەت لەبریاری خەڵکدا نەکەن بۆ دیاریکردنی دەسەڵاتی داهاتووی ئێران.

### بریاری پیشنیاری بە کۆنفرانسی یەکێتییە کرێکاری و خزمەتگوازرییەکانی بەریتانیا PCS

کۆنفراس هۆشیارە بەوەی:

١/ هەڵسانی شۆرشگێرانەی خەڵکی ئیران بە دروشمی" ژن، ژیان، ئازادی" و " بروخێ دیکتاتۆر" بەدوای کوشتنی مەهسا ئەمینی دەستی پێکرد.

٢/ نەخشی ژنان لەم راپەرینەدا بەهێنانە گۆرێ خواستی کۆتاییهینان بە هەلاواردنی ژنان و بۆ ئالۆگۆری بنەرەتی لە هەلومەرجی ئیستادا، گرنگیەکی تایبەتی هەیە...

٣/ رژێمی جمهوری ئیسلامی بەتوندوتیژی هەوسارپچراو و تاوانکارانە نارەزایەتی ژنانی کردۆتە نیشانە.

٤/ نارەزایەتی و مانگرتنی کریکاری، لەوانە مامۆستایان، پەرستاران، کرێکارانی نەوت و گازو پترکیماوی و ئاسن و کریکارانی هەفت تەپە دەستی پێکردووە.

٥/ کرێکارانی ئیران سەرەرای سەرکوتگەرییەکی زۆر، جەنگ و شکاندنەوەی کاریگەرییەکانی ئابلۆقەی ئابوری بەسەریاندا، بەپشت بەستن بە نەریتی خەباتکارانەی خۆیان تیکۆشاون لەپێناو بەدەستهێنانی مافی پیکهێنانی ریکخراوەی سەربەخۆی کرێکاریی و بەهرەمەند بوون لە مافی مانگرتن و کۆبونەوە.

٦/ ئەوان خوازیاری کۆتاییهێنان بە حکومەتی دیکتاتۆری وبەدستهێنان و دامەزراندنی مافە دیموکراتیەکانن.

هەروەها ئەم کۆنفرانسە ئاگادارە کە کۆمیتەیەک بە ناوی" کۆمیتەی هاوپشتی با بزوتنەوەی کرێکاریی ئیران SWIW بەسەرپەشتی جان ماکدۆنال ئەندام پەرلەمان و بە ئەزموونی لە پێشینەی بۆ بەرگری" یەکێتی کریکارانی کەرتی دەولەتی PCSپێکهاتووە. کۆنفرانس لەو باوەرەدایە، کە هاوپشتی نێونەتەوەیی چینی کرێکار لە وڵاتانی تر و بە یەکێتییە کرێکارییەکانی تر لەو دەولەتانەدا. بەرگریکردن لە خەباتی دیموکراتی و بۆ ئازادی، یەکێکە لە پایەکانی بزوتنەوەی کرێکاری، بەو پێیەش پشتیوانی لە خەباتی ژنان و کرێکاران و لاوان و لەدژی جمهوری ئیسلامی دەکات.

لەم رووەوە و کۆنفرانس کۆمیتەی بەرێوەبردن N E Cرادەسپێرێت کە لەچالاکیەکانی" کۆمیتەی هاوپشتی با بزوتنەوەی کرێکاری ئیران" لەنێویاندا بەم شێوەیەی خوارەوە بەرگری بکات.

١/ دابەشکردنی دەق و نووسراوەکانی ئەم لیژنەیە بەسەر ئەندامانی ئەم سەندیکایە و بانگهێشتی ئەندامانی لیژنەکە بۆ پێشکەشکردنی وتار لەو کۆبوونەوانەی کە سەندیکا رێکی دەخات، هەروەها داوا لە فەرمانگە ناوخۆییەکانی سەندیکا بکەن کە هەنگاوی هاوشێوە بگرنەبەر.

٢/ پشتیوانی کردن لەو چالاکی و کردەوانەی کە بۆ بەرگری لە راپەرینی شۆرشگێرانە لە ئێراندا ڕوودەدەن، ڕێکخستنی ئامادەیی تایبەت و بەرجەستەی ئەم یەکیەتییە لەم جۆرە کردار و چالاکییانەدا، هەروەها ئاگادارکردنەوەی ئەندامانی یەکیەتیەکە لە خەباتەکانی ناوخۆی ئێراندا.

٣/ پشتیوانی لە خەباتی کرێکاران لە ئێران و ئەوەندەی لەتوانادایە بە ئامانجگرتنی دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە کرێکارییەکان و کرێکارانی بەشدار لە خەبات لە ئێران و گرووپە سۆسیالیستی، دێموکراتیک و فێمینیستەکانی دیکە کە لە دژی ڕێژیمی ئیسلامی خەبات دەکەن...

٤/ داوای ڕای پسپۆڕان بکەن سەبارەت بەوەی کە ئایا سەندیکاکانی کرێکارانی بەریتانیا دەتوانن کرێکاران لە کۆمپانیاکان و زنجیرەکانی دابینکردندا کە پەیوەندییان بە ئێرانەوە هەیە ڕێکبخەن و بزانن ئایا هەنگاوی بە کردەوەی کرێکارانی ئەو کۆمپانیایانە دەتوانێت ڕاستەوخۆ بەشداری لە خەباتی کرێکاران لە ئێران بکات و یارمەتی بدات.

٥/ دەستگیری خۆپیشاندەران و لە ئێران و ئیعدامی محسن شکاری و مەجید رەهنمود، ئیدانە بکات...

**ئامادەکردنی: دەشتی جەمال**

## درێژەی: بەرگری لە پەنابەرانی کەمپی مەخمور

دیارە ئەوە یەکەمین جار نییە کەمپی مەخمور دەکەوێتە بەردەم هێرشی سوپای عێراق و هاوکات هێرشی فرۆکەکانی تورکیا و سنوراردرکردنی جموجۆلەکانی کەمپەکە لەلایەن پارتییەوە... بەڵکو لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا بە شێوەی بەردەوام ئەم کەمپە کە پەنابەرانی سفیلی تورکیای تیادایە، کەوتۆتە بەردەم هیرشی سێ کوچکەی تورکیا و دەوڵەتی عێراق و هیزەکانی پارتی و بەدەیان کەس بوونەتە قوربانی.

ئەو هێرشانە بۆسەر کەمپی مەخمور رێگاگرتن لە پەنابەرانی کەمپەکە بۆ هاتووچۆو دەستراگەیشتن بە پێداویستیەکانیان، بێ ئەندازە کارێکی دژە ئینسانی و پێچەوانەیە بەسەرەتاییترین مافی پەنابەری. بێگومان هێرشی دەوڵەتی تورکیا و عێراق بۆسەر ئەو کەمپە بەبێ ئاگاداری و رەزامەندی پارتی نییەو پارتی هەم بکەرێک و هەم هاوکاری ئەو هێرشانەیە بۆسەر کەمپی مەخمور...

ئەنجامدانی ئەو هیرشە بەردەوامانە بۆسەر پەنابەرانی ئەم کەمپانە و بەکاهێنانی درۆنەکان و تیمە ئینسان کوژە تیرۆریستەکانی بۆسەر کادر و لایەنگرانی ئۆپۆزیسیۆنی تورکی و تیرۆرکردنیان، بەبەرچاوی ریکخراوە نەتەوە یەکگرتووەکان و ریکخراوەکانی مافی مرۆڤ و بەرگری لە مافی پەنابەری، ناوەرۆکی خاڵی بوونی ئینسانیەتی ئەم رێکخراوانە دەخاتە ڕوو.

بێ دەنگەی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و ریکخراوەکانی تری بەرگری لەمافی مرۆڤ و پەنابەری و ناوەندە نێودەوڵەتیەکان، هۆکارێکە بۆ ئەوەی دەستی دەوڵەتی تورکیا و عێراق و دەسەڵاتی پارتی ئاوەڵا بکات، بی هیچ بەربەستێک دانیشتوانی ناو ئەم کەمپە، بکەنە نیشانەو ئیرادەی سیاسی و ئینسانیان پیشێل بکەن و گیانیان بکەوێتە بەردەم مەترسی هیرشەکانیان.

لەوەها هەلومەرجێکدا کە رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان و ریکخراوە مرۆڤ دۆست و ناوەندە نیو دەوڵەتیەکان بیدەنگەیان لەبەرامبەر هیرش بۆسەر ئەم کەمپە و هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتەکان هەڵبژاردووە، ئەرکی ریکخراوە ئینسان دۆست و لایەنگرانی مافی مرۆڤ و هەموو کەس و ئینسانێکی ئازادیخوازە بەرگری لە پەنابەرانی کەمپی مەخمور بکەن و بەهەر رێگایەک کە بۆیان دەکرێت گوشارەکانیان بۆسەر یوئین و دەسەڵاتی پارتی و هیزەکانی عیراق زیاد بکەن و ریگە نەدەن چیتر خەڵکی ناو کەمپانە ببنە قوربانی دەستی ئەو هیزو لایەنانە... خەڵکی کوردستان ئەرکیکی ئینسانی دەکەوێتە ئەستۆیان تا ریگە لەو هیرشانە بگرن کە دەکرێتە سەر ئەم کەمپە... ئیمە لە بلاوکراوەی بۆپێشەوە بەتوندی ئیدانەی هەموو جۆرە هیرش و گوشارێکین بۆسەر کەمپی مەخمور و بەهەموو توانامانەوە تیدەکۆشین بۆ ریسواکردنی هیرش بۆسەر ئەم کەمپەو بەرگری لە مافی پەنابەران و زامنکردنی مافی پەنابەریتی و پاراستنی سەلامەتی گیانی و روحیان...

**بۆپێشەوە**

# دەسەڵات بە کردەوە پووچی دامودەزگا فەرمییەکان ڕادەگەیەنێت!



**نووسینی: بنار مستەفا**

لە کوردستان دام و دەزگا فەرمییەکان خاوەنی جێگەوڕێگەیەکی شایستە بە ئاماژە نین. لەمێژە خەڵکی ئەم ڕاستییەیان ئەزموون کردووە و خودی دەسەڵاتدارانیش چیتر نایشارنەوە. هەم جاروبار لە قسەی بەرپرسانەوە ئەم ڕاستییە دەدرکێنن، هەم کارەکانیان بە کردەوە نیشانی دەدەن. لەم بارەوە کۆمەڵە نمونەیەکی زۆر هەیە و دەکرێت تەنها لە هەفتەی ڕابردوودا ئاماژە بە دوو ڕووداوی بەرجەستە و نوێ بکەین.

شەڕ و پێکدادانی پەرلەمان، نمونەیەکی زیندووی ئەم لیستە درێژەیە. لە کاتێکدا دوو حزبی دەسەڵات و حزبەکانی شەریکی زۆر کاریان کردووە بۆ نیشاندانی پەرلەمان وەک پێگەیەکی خاوەن بڕیار و دەزگایەکی شەرعی، بەڵام هەر خۆیان بە چەند شێوە پووچی و هیچ لەبارنەبووی دەسەلمێنن. کێشمەکێش لەسەر بەندەکانی پەیڕەوی ناوخۆی کارکردنیان و یەکلاییکردنەوەی ناکۆکی بە هێز و پیاکێشان و تەنانەت دەستبەسەرگرتنی چەکوشی بڕیاردان، دەرفەتێک بۆ مانەوەی ئۆتۆریتەی ئەم دەزگایە ناهێڵێتەوە. پرسیاری هەر کەسێک دەکرێت ئەوە بێت: ئەگەر ئەوانەی پەرلەمانیان بۆ گرنگە و بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، ئاخۆ بۆ خەڵکی چی بەهایەکی هەبێت و چی ئومێدێک بهێڵێتەوە.

هەڵبەت ئەمە یەکەم جار نییە لە پەرلەمان دیمەنی سەلماندنی پووچی دەزگاکە لە لایەن زورناژەنانییەوە دەبینین و دەبیستین. بەڵام پێشتر زیاتر لە ڕێگەی ئەو لایەنانەی بەناو ئۆپۆزیسیۆن لە پەرلەمان بوون بە شکڵ و شێوەی جیاواز دەبینرا. ئەم جارەیان دوو هێزی سەرەکی، کە خۆیان بە خاوەنی پەرلەمان دەزانن و بە گرنگییەوە کار لەسەر بەشەرعی کردنی دەکەن، بە کردەوەیەکی تەفسیرهەڵنەگر، هێڵیان بە ژێر ئەو ڕاستییەدا هێنا، کە پەرلەمان پووچە و کارتۆنییە. دەزگایەکە بۆ شەرعیەتدان بە دەسەڵاتی میلیشیا و هەر ساتێک دەتوانن لەوەی هەیە ڕیسواتری بکەن.

یەکێکی تر لە هەواڵەکانی هەفتەی ڕابردوو، کە میدیاکان سەرنجیان چووە سەری و بە تایبەتی کەناڵەکانی دەسەڵات لە هەوڵی گەورەکردنیدا بوون، کردنەوەی هێڵی گەرم بوو لە لایەن سەرۆکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە بۆ وەرگرتنی کێشەی هاوڵاتیان و چارەسەرکردنیان. ڕاستی و دروستی ئەم هەواڵە بەجێی خۆی، چونکە لە کەناڵی ترەوە ئاماژە بەوە دراوە، کە کەسانێک دەیان جار هەواڵیان داوە تێل بکەن و بێ وەڵام ماوەتەوە. بەڵام ناوەڕۆکی ئەم هەواڵە چیمان پێ دەڵێت؟

ئەگەر لە جێگەیەکدا دەسەڵات و دامودەزگاری فەرمی بوونیان هەبێت، پێویست بەوە دەکات بەرپرسێکی حزبی ئەم کارە بکات؟ ئەم جارەیان نەک بە درکاندنێک، بەڵکو بە کردەوە سەرۆکی یەکێتی نیشانیدا، کە لە کوردستان و لانی کەم لە ژێر دەسەڵاتی حزبەکەی ئەودا کەناڵێکی فەرمی بوونی نییە بۆ چارەسەری کێشەی هاوڵاتیان. واتە گەر دانیشتووانان لێیان قەوما، دووچاری نادادپەوەری بوونەوە و مافیان خورا، شوێنێک نییە پەنای بۆ بەرن. هەڵبەت لەو گرتە ڤیدیۆیەی میدیاکان بڵاویان کردەوە، باس لە کێشەی بچووک نەبوو، بەڵکو بۆ نمونە باس لە "بوونی مافیا" دەکرا.

میدیاکانی دەسەڵات ویستیان ئەوە وەک خاڵێکی بەهێز نیشان بدەن، کاتێک سەرۆکی یەکێتی بوونی مافیای وەک "مەلەفی خۆی" وەرگرت، بەڵام بێ ئاگا یان چاوپۆشی لەوەی ئەم هەنگاوە کۆمەڵێک پرسیار دروست دەکات لەسەر ئەوەی "چۆن ئەم مافیایانە دروست بوون و بۆچی دەزگایەکی فەرمی نییە بتوانێت سنوورێک بۆ ئەم مافیاگەرییە دابنێت؟" ڕەنگە دروستتر بێت بڵێین چیتر پرسیاری نەهێشت و نیشانیدا، کە دەسەڵاتی سی ساڵەی کوردایەتی مافیا لە بازاڕەکاندا بەرهەم دەهێنێت و یاسا و دادگایەکیش نییە بتوانێت بەریان پێ بگرێت، بەڵکو تەنها ڕێگا بۆ ئەگەری کۆتاییهێنان پێی سەرۆکی حزبە، کە هیچ پێگەیەکی حکومی نییە.

ئەم دوو نمونەیە لە هەواڵە سەرەکییەکانی هەفتەی ڕابردوو، بە کردەوە لە لایەن خودی دەسەڵاتدارانەوە نیشانی دەدات، کە لە دامودەزگا فەرمییەکان پووچ و بێ ناوەڕۆک و هیچ کارەن. ناتوانن جێگەی متمانەی خەڵکی بن، لە کاتێکدا خودی خۆیان ئۆتۆریتەی دەزگاکان ژێر پێ دەنێن.

**کۆتایی ئایاری ٢٠٢٣**

# زیارەتی گۆڕی ڕابەڕانی ناسیونالیزم، بۆچی؟



**نووسینی: سەردار عەبدوڵا حەمە**

سەردانی گۆڕی مردووەکان مافی تاکە کەس و هەرکەس ئازادە سەردانیان دەکات یا نا یکات. بۆ کەسێک ئازیزیکی دەمرێت و سەردانی گۆڕەکەی دەکا پەیامی وەفا وخۆشەویستی بۆ مردووەکە نیشان دەدات، بۆ زیارەتی ڕابەڕێکی سیاسی و پیشاندانی بە کۆمەڵگە لە شێوەی وێنەو ڤیدیۆ لە ڕێگای میدیاوە پەیامێکی سیاسی نیشان ئەدات... دیاردەی سەردانی سەرکردەی سیاسیی پڕوپاگەندەیە بۆ لایەنێکی سیاسی و پەیامە بۆ بەهێز کردنی ئەو ڕێبازەی ئەو. لەو چەند ساڵەی دوایدا سەردانی گۆڕی سەرکردە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان بووەتە دیاردەیەکی سەرنج ڕاکێش. سەردانی گۆڕی موستەفا بارزانی، ئیدریس بارزانی و جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان موستەفا بە نموونە دیاردەیەکی گشتگیرە. بە ڕای من هەرکەس سەردانی گۆڕي ئەم سێ سەرکردەیە دەکات پەیامی بەهێزکردن وبانگەواز و پڕوپاگەندە بۆ ڕێبازی ئەو سەرکردانەو حیزبەکانیان دەگەیەنێ ئیتر بە هەر بیانویەکەوە و بەهەر هۆکارێک بێت ئەو سەردانەیان. بەهێزکردنی ڕێبازو ڕەوتی ناسیۆنالیستانەی ئەم سەرکردانە هیچ لە بەرژەوەندی چینە هەژارو کەم دەرامەتەکانی کوردستاندا نییە، بەڵکو دەبێتە مەینەتی و کوێرەوەری زیاتر بۆیان. لەهەمان کاتدا بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی چینی دزو گەندەڵکارو سەرمایەدارو مافیاکانە کە لە ماوەی دەسەڵاتیاندا یا لە ماوەی ئۆپۆزسیۆن بونیاندا هیچ دەسکەوتیان نەبووە بۆ چینە هەژارەکان یا بۆکرێکار و زەحمەتکێش و ژنان و کارمەندو مامۆستاو گەنج و منالێش لە کوردستاندا، بەڵکو دەسکەوتی ماددی و مەعنەوی بۆ خۆیان و بنەماڵەکانیان بووە. لە لایەکی ترەوە لە ماوەی ژیانی سیاسیاندا بوونەتە هۆی لە ناوبردنی تاکی کورد چ بە شێوەی تیرۆرو کوشتن وپەلامارو ڕفاندن و زیندانی کردنی، چ بەشێوەی برسیکردن وبێکارکردنی و هەژارکردنی. تا لە ژیاندا بوون جگە لە زیان هیچ سوودێکیان نەبووە ئیتر بۆ دەبێ کەسانی یەکسانیخوازو ئازادیخواز وکەسانی مرۆڤدۆست و ژیان دۆستی کورد زیارەتی گۆڕی ئەم سەرکردانە بکات. بەپێچەوانەوە دەبێ خەڵکی کوردستان ئەمانە وەک تۆمەتبار و بکوژ چاو لێ بکات، ئەمانە مێژوویان دیارە کە بکوژی دەیان و سەدان کەسی ڕۆژنامەنووس وچالاکوانی مەدەنی و سیاسی و چەپ وکۆمۆنیست وئازادیخوازن و ئەمانە نۆکەری بەعس و خومەینی و شای ئێران بوون. ئەگەر بڕیارتدا سەردانی ئەم گۆڕانە بکەی لەپێشدا بیر لە مێژوویان بکەرەوە، بیر لە بەرژوەندییە ئابورییەکانیان بکەرەوە ئەنجا ئەو بڕیارە بدە. جگە لەمە زیارەتەکانیش خراونەتە ئاستێکی خورافی وەهاوە کەوەک زیارەتە دینیەکانیان لێ هاتووە. فاتیحا خوێندن و دوعا وپاڕانەوە لەسەر گۆڕەکانیان بەشێکی ترە لەو ڕەخنە توندانەی دەبێ لێ یان بگیرێ بەمەرجێ ئەمانە لەکاتی بوونیاندا خۆیان و حیزبەکانیان بە عەلمانی ناساندووە ئەمەش دووڕوویەکی ئاشکرایە. زیارەتی گۆڕی کەسە ناودارەکان دەبێ لەوەوە سەرچاوە بگرێ کە چەندە سوودیان گەیاندوە بەخەڵک و چەندە دەسکەوتی ئینسانی و زانستی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوریان هەبووە بۆ ئەوەی درێژە بەڕێگاکەیان بدرێ. ئەم سەرکردانەی ناسیۆنالیزمی کورد لە مێژوودا زۆر تاوانی بەکۆمەڵ و بە تاکیان دژی خەڵکی کوردستان ئەنجامداوە، وەک جەنگە ناوخۆییەکان و کوشتنی موخالیفانی سیاسی خۆیان و پێش لەشکری بۆ دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە و کوشتنی شوعی و کۆمۆنیست و چەپەکان و تەنانەت ئەوانەشیان کە لە ناوحیزبەکانی خۆیاندا ڕەخنەیان لێ گرتوون. بەهەموو پێوانەیەک دروست نییە و ڕاست نییە خەڵک سەردانی گۆڕی ئەم سەرکردانە بکات، بەڵام هەرکەسیش ئەو کارە دەکات ئازادە لەهەمان کاتدا جێگای ڕەخنەی خەڵکی ئینسان دۆستیشە.


**کۆتایی ئایاری ٢٠٢٣**

**ئەگەر بریار بێت یادگەی نیشتیمانی!! بۆ هەر کەسایەتیەکی داهێنەر و کاریزمایەکی دانپیانراوی مەیدان و بوارێکی دیاریکراو و جەماوەری دروست بکرێت، ئەوا کاری حزب و سەرۆکی حزب نییە، بەڵکو کاری دامەزراوە حکومی و نیشتیمانییەکانی! و ناوەندی شارەزاو سەربەخۆییە، پارتی کاری بە بریاری گشتی و خواستی سەراسەری و بریاری دامەزراوەیی نییە،چونکە بەدوای ئەوەوەیە پێگەی پارتی بەهەر ڕێگایەك بووە گەورە بکات و هەژموونی خۆی و بریارە حزبی و بنەماڵەیەکانی دابسەپێنێت و ڕەمزو سەرکردەکانی بەوێنەی ڕەمزو ڕابەری خەڵکی کوردستان وێنا بکات..**

**پرسی رۆژ کۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com

# کاکەلاو تەحسین، شیکەرەوەی سیاسی وەڵامی دوو پرسی رۆژ دەداتەوە



## پرسی ڕۆژ/ یەکەم...

**١١ی ئایار ٢٠٢٣ لە ڕێورەسمێکی گەورەدا مۆزەخانەی بارزانی، بەئامادەبوونی دەیان کەسایەتی سیاسی لە ئاستی عێراق و ناوچەکە و جیهان بانگهێشتکرابوون.. ئەو پرۆژەیە بە تێچوویەکی زۆرەوە، و بەسەرپەرشتی خودی مەسعود بارزانی تەواوکراوە.**

**دیارە مۆزەخانە یەکێکە لە پرۆژەی پاراستنی مێژوو و کەلتوری هەر میللەتێک، و گەیاندنی پەیامێک بۆ نەوەی داهاتوو.**

**بەڕای ئێوە ناوەرۆکی پەیامی ئەم پرۆژەیە لە ئێستادا چیە بۆ نەوەیەک کە هەندێکیان لەگەڵ زۆر لە ڕووداوەکانی مەلا مستەفای بارزان ژیاون و بەشداری ڕووداوەکان بوون، هەرەها بۆ نەوەی داهاتوو و بۆ میللەت و مێژوو.**

**کاکەلاو تەحسین: وەڵام بە پرسی یەکەم:** یەکێک لە کێشەکانی نەتەوەی کورد بریتیە لە بیرچوونەوەی یادەوەریەکانی لە دوێنێدا، ئێمە نەتەوەیەکین دەیەها کارەسات و روداوومان بەسەر هاتووە، کە هەندێکیان بە گوێرەی پێوەرە نێودەولەتیەکان ئەچنە خانەی جینۆساید، بەڵام سەیر بکە لە باشور تا ئێستا ئیش نەکراوە بۆ بە دۆکۆمێنت کردنی ئەو رووداوانەو ئاشناکردنی دونیا بەو مێژووە، سەیر بکە جوولەکە چۆن هۆلۆکۆستی بە دونیا ناساند، دەیەها مۆزەخانەی بۆ دروست کرد، سەدەها فلیمی لەسەر بەرهەمهێناوە. بەڵام ئەبینین بەم دوایە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناو دەیەها بابەت و رووداو مۆزەخانەیەکی کەسی بۆ بارزانی دروستدەکات! بەر لەهەر شتێک خەڵک بەر لەوەی بپرسێ ئەو مۆزەخانە بۆ؟ دەپرسێت بۆچی مۆزەخانەی شەهیدان و ئەنفال وپێشمەرگەو راپەرین و کۆرەو و...تاد زۆری تر لە ماوەی سی و دووساڵی حوکمڕانی کوردی لە باشور دروستنەکران؟؟ کێ ئەو مۆزەخانەی دروستکردوە؟ لای من وەڵامەکە ئەوەیە پارتی دیموکرات کوردو شۆرش و تەنانەت حیزبەکەشیان کورد دەکەنەوە لە بارزان، جا هەر سەردەمەی لە کەسایەتیەک چ شێخ ئەحمەد بێت، یان مەلا مستەفا، یان مسعود بارزانی... بۆیە بە هەموو دونیا دەڵێن گەر دەتەوێت لە خەبات و قوربانی کورد تێبگەیت، ئاشنا بیت بە راپەرین و قوربانیەکان فەرموون وەرنە مۆزەخانەی بارزان تا لە بارزانیەوە بزانن شۆرش چۆن کراوە، لە ئەنفالی بارزانیەکانەوە ئاشنا بن بە جینۆ سایدی گەلی کورد، ئەو مۆزەخانەیە وەک هەمو دامەزراوەکانی تری هەرێم لەبری ئەوەی وەک مۆزەخانەیەکی نیشتیمانی لە دایک بێت و بکرێتەوە بە داخەوە ئەویش وەک دامەزراوەیەکی حیزبی لە دایک بوو، جگە لەوەش بۆ ئایندە دەبێت بە ناوەندێک کە هەر کەسایەتیەکی نێودەوڵەتی هاتە هەرێم سەردانی ئەو مۆزەخانەیەی پێدەکەن، ئیتر لێرەوەش ناوەرۆکی پرۆژەکە جێگای خۆی دەگرێت. لای ئەوان کە کورد کردنەوەی کوردە لە بنەماڵەی بارزان.

## پرسی ڕۆژ/ دووەم...

**٢٢ی ئایار لەسەر کاراکردنەوەی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان کێشە کەوتە نێوان سەرۆکایەتی پەرلەمان و هەردوو فراکسیۆنی پارتی و یەکێتی، و توندوتیژی لێکەوتەوە و کۆبوونەوەکە دواخرا، بەڵام لەسەر قسەی جێگری پەرلەمان دەنگدرا بە کاراکردنەوەی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان، تەنانەت رۆژی دواتر لە وەقائعی کوردستان بڵاوکرایەوە (واتە سیفەتی یاسایی وەرگرت) . ئێوە ئەم بارگرژیەی نێوان یەکێتی و پارتی لە ناو پەرلەمان و نزیکبوونەوەیان لە ئەنجومەنی وەزیران چۆن لێدەدەنەوە؟**

**وەڵام بە پرسی دووەم:** بەر لەهەر شتێک دەبێت بزانین کە بارگرژی هەبووە، بەڵام ناکۆکی نەبووە، ڕێکەوتن هەبووە نەک ڕێکنەکەوتن، تەبای هەبووە نەک دژایەتی. یەکەم تۆ سەیری ئەو بابەتە بکە کە گرژی لەسەر کەوتەوە، کاراکردنەوەی کۆمسیۆن، ئەندامەکانی کێن و لە کام لایەنن؟ سێ پارتی دوو یەکێتی دوو گۆران یەک کۆمەڵ یەک یەکگرتوو. پێشتر ڕێکەوتوون کە بە هەمان ژمارە کارا بکرێتەوە، دواتر لە پەرلەمان لیژنەیەکی هاوبەش لە هەر پێنج حیزب پێکهات ڕێکەوتن کە ناوەکان کێ بێت، کەواتە گەر ئەورۆژەش دەنگدانی بۆ نەکرابوایە و هەر رۆژەکی تر بۆی بکرابوایە دەنگ دانەکە لەسەر هەمان ناوەرۆک و هەمان پێکهاتە دەبوو. جا دەپرسم کۆمسیۆنەک پارتی تێیدا کەمینە بێت و دەست بەکار نەبێت تا کۆمسیارەکان سوێند نەخۆن وە بڕیار لە کۆمسیۆن بە پێنج دەنگ بێت و حیزبەکانی بەرامبەر پارتی شەش کورسیان هەبێت ئیتر ئەو شەڕە فشەیەی دەوێت؟؟؟

دووەم وەرە سەر شێوازی ڕێگری لە دەنگ دانەکە؛ بەر لە هەر شت یەکێتی دەیتوانی لە ڕێگای سەرۆکی پەرلەمان دانیشتنی پەرلەمان دانەنێت وەک ئەوەی لەو ترسەی شەش مانگە دای نەناوە، دواتر کە دای ناو پارتی داوای ئەو برگەیان کرد دەسەڵاتی خۆی بوو بێ هاتنی بۆ ناو دانیشتنەکە هەر شەوەکەی بە بەیانێک دوای بخات. دواتر گریمان یاساکەش دەرچوو ئێ کۆمسیارەکانی خۆیان با نەنێرن بۆ سوێند خواردن تا ڕێک دەکەون. لە هەموش کومیدی تر ئەو قسەیە کە یەکێتی دەڵێ ڕێگریمان کرد! چونکە دەبێت لەگەڵ یاسای هەڵبژاردن بەیەکەوە بکرێت، کاراکردنەوەی کۆمسیۆن کارێکی یاسایە بۆ راستکردنەوەی کارێکی نایاسایی کە تەمەنی بەسەر چووە، کەواتە یەکێتی شانازی دەکات بەرێگری لە کردنی کارێکی یاسایی، سەبارەت بە پاساوەکەش سەیر تر، چونکە تەمەنی کۆمسیۆن تەنها لەگەڵ کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن نییە هەڵبژاردن شەش مانگی پێویستە، بەڵام تەمەنی کۆمسیۆن پێنج ساڵە، ئیتر کاراکردنەوە چ پەیوەندی بە ئەنجامدان و نەدانی هەڵبژاردن هەیە. بۆ پارتیش لە یەکێتی کۆمیدی تر بوو چونکە گەر پەلەکەیان بۆ ئەوە بوو گوایە بەغدا بڕیاڕ لە دژی هەرێم دەدات، ئەی زەحمەت نەبێت پارتی شەش مانگە لە کوێ خەوتووە کە شەش مانگە ئەو داوایە لە دژی هەرێم لە دادگای باڵا هەیە، وە گەر مەبەستی هەڵبژاردنە دەبێت بزانێ بێ ڕێکەوتن لەگەڵ یەکێتی هەڵبژاردن ناکرێت، چونکە سیاسیەن ئەو دوو هێزە خۆ سەپێنی دوو جوگرافیان. جگە لەوە؛ هاوکات کۆبونەوەی هاوبەشی یەکێتی و پارتی لە ئەنجومەنی وەزیران هەیەو لە کۆبونەوەکە جەخت لەوە دەکەنەوە کە شەڕی پەرلەمان پەیوەندی بە ئەوانەوە نییە لە حکومەت. گەر وەڵامەکە لێرە بدەمەوە بۆ هۆکارەکەی؛ ئەوا بە گشتی نەزانین و نا سیاسی و کەم ئەزموونی هەر دوو حیزبە، بەڵام وردتر هۆکار لای پارتی ئەوە بوو بە کۆمەڵگەی نێودەولەتی بڵێت ئەوە منم لەگەل هەڵبژاردنم و ئەوە یەکێتیە دژە. کە لەمەش نەزان بوون، چونکە گەر سەرۆکی پەرلەمان دانیشتنەکەی هەڵگرت ئەوان بێ دەنگ بونایە ئامانجەکەیان دەپێکا، بۆ یەکێتیش ئەوە بوو بڵێت نەزانم لە ناو هەڵبژاردنی داهاتوو لە دوای هەڵبژاردنیش چی بەسەر پێگەکەم دێت ئەوا ناهێلم هەڵبژاردن بکرێت بە هیچ جۆر. بەڵام ئەویش نەزان بوو چونکە گەر ئەو شەڕەشی نەکردبوایە کۆمسیۆن کارا نەدەبۆوە بێ ئەندامەکانی خۆی و هاوپەیمانەکانی، وە کاراش ببایەوە بڕیاریان پێ نەدەدرا، وە بڕیاڕیش بدەن لە دیگەڵە تێناپەڕێت گەر یەکێتی نەیەوێت. لە دوا قسەش دەڵێم ئێسا یەکێتی چاوەڕێی دادگای باڵایە بڕیار بدات کە کۆمسیۆنی عێراق سەرپەرشتی هەڵبژاردن بکات و پەرلەمانی هەرێم هەڵوەشێنێتەوە، بەڵام ئەوکات یاسای هەڵبژاردن بۆ چوار بازنە هەموار ناکرێتەوە بە هۆی نەمانی پەرلەمان. بەوەش یەکێتی داواکاریەک لە دەست دەدات، وە گەر دادگا بڕیاریدا پەرلەمانی هەرێم کارەکانی بکات ئەوسا دەبێت کۆمسیۆنی هەرێم کارابێت و یاساکەش هەموار بکەن بۆ چوار بازنە.

### پرسیار ئایا کێشەی پێکهاتەکان کێشەیەکی جدیە لەنێوان ئەو دوو پارتە؟

بە رای من پێکهاتەکان تەنها بیانویەکە لە نێوانیان بۆ دواخستنی هەڵبژاردن، چونکە هەردوو لا باوەڕیان بەوە نییە پێکهاتەکان نوێنەرایەتی راستەقینەی خۆیان بکەن. تۆ سەیر بکە لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە ساڵی ٤□٠□ لە سلێمانی یەکێتی بە هۆی کورسیەکی مەسیحیەکان نەیهێشت گۆڕان پارێزگار وەربگرێت، وە پارتی لە هەولێر بە هۆی کورسی تورکمان نەیهێشت یەکێتی هیچ پۆستێک وەربگرێت. دواتر تەنها سەیری کۆمسیۆن بکە کورسیەک دراوە بە مەسیحی کەچی یەکێتی نوێنەرێکی خۆی لە مەسیحی داناوە، وە کورسیەک دراوە بە تورکمان کە پارتی تورکمانێکی لە حیزبەکەی خۆی داناوە. دواتر سەیری دانیشتنی □□ حوزەیرانی ساڵی ٥□٠□ بکە کە یەکێتی توانی ڕێژەی دانیشتنەکە تەواو بکات بە هۆی بەشداری نوێنەری حیزبی رافیدەین لە مەسیحیەکان لە کۆبونەوەکە، لە دواهەمین کۆبونەوەی پەرلەمانیش پارتی بە هۆی نوێنەری تورکمان دانیشتنەکەی کرد. لە لایەکی تر هەموو هەنگاوە خراپ و باشەکانی پەرلەمان و حکومەت لە چەند ساڵی رابردوو ئەوا یەکێتی و پارتی کردوویانە، نەک بە هۆی پێکهاتەکان. یەکێتی و پارتی یاسای خۆپیشاندانیان دەرکرد، یاسای نەوت و گاز، ئەنجومەنی ئاسایش، یاسای تیرۆر، دەنگدان بە کابینەو سەرۆک و وەزیرەکان، درێژ کردنەوەی تەمەنی سەرۆکی هەرێم، دواخستنی هەڵبژاردن، لێبڕین و پاشەکەوتی موچە... تاد بۆیە بە رای من نە یەکێتی دەبێتە هێزی یەکەم گەر دوو کورسی کۆتا بۆ سنورەکەی زیاد بکرێت، وە نە پارتیش دەروخێت گەر دوو کورسی پێکهاتەکان لە زۆنەکەی بڕوات.

گەورەن بۆ ئێستەو پاشەڕۆژ کاری باشیان پێدەکرێ و ئەنجامیشی دەبێت.

*****

# منالأن زوڵملێکراوترین بەشی کۆمەڵگەن!

## نووسینی: عەبدولا مەحمود

پێویست بە بەڵگە هێنانەوە ناکات، کە لە کۆمەڵگەی چینایەتی ئێستادا، منالأن بێبەشترین و ستەملێکراوترین توێژی کۆمەڵگەن. راستە ستەم و نابەرابەری، هەلاواردن و هەژاری، بێکاری و گرانی، دەیان دەردو موسیبەتی تر یەخەگیری چینی کرێکار و توێژە بێبەشەکانە، بەڵام لەناو کورەی ئەم نابەرابەریی و ستەم و زوڵمە سیستماتیک و بێ پەروایەدا، منالأن زوڵملێکراوترین بەشی کۆمەڵگەن. ئەگەر کرێکاران و کارمەندان، لاوان و ژنان، زوڵمیان لێدەکرێت و مافیان پایماڵ دەکرێت، بەڵام توانای بەرگری لەخۆکردنیان هەیە. لەکاتێکدا منالأن بەتایبەتی لە خێزانە کەم دەرامەت و هەژارەکاندا قوربانی یەکەمی ژیانی مەمرەو مەژین، لەوەش واوەتر منالأن بەهۆی منال بوونیان توانای بەرگری لەخۆکردنیان نییە و پێویستیان بە پاریزبەندی و چاودێری گەورەکان و یاساو رێسایە، کە پارێزگارییان لێبکات.

ئەگەر لە بەشێک لە ولاتانی دنیادا، تا رادەیەک مافی منالأن بە فەرمی ناسراوەو دەوڵەت و یاسا بەرگری لە ماف و داخوازییەکانیان دەکات. هەرەشەو لێدان و سوکایەتیکردن پێیان یاساغە، کارکردن و بەدکەڵک وەرگرتنی سیکسی و بەکارهێنانیان لە ریزەکانی سوپاو...تاد، بەیاسا قەدەغەکراوە، وە بێگویدانە هەلومەرجی خێزانیان لەرووی مافەکانەوە، مافەکانیان پارێزراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەزوربەی هەرەزۆری دنیادا، هێشتا منالأن لەسەرەتاییترین مافی منالّی خۆیان نەک بێبەش کراون، بەڵکو هاوکات کارکردن بە منالأن، هەرەشە و چاوسورکردنەوەو لێدان و ئازاردان، بەکارهێنانیان لەسوپا و جەنگدا، تا دەگاتە بەدکەڵک وەرگرتنی سیکسی و گرتنە ئەستۆی بژێوی خێزان... راستیە شەرمئاوەرەکانی دنیای ئەمرۆن.

لە ولاتانی دواکەوتوو، لەو دەوڵەتانەی سەرچاوەی یاساکانیان و دەسەلاتەکانیان مەزهەبی یان تیکەلاو بە دینە، دۆزەخی واقعی بۆ منالأن داخراوەو جەستەی ناسکیان دەکاتە قەرەبروت. لە ولات و شوێنی وەکو عیراق و کورستاندا، بەشێکی زۆری منالأنی چین و توێژە نەدارەکان ئەو توێژەن، کە لە خوێندن و پەروەردە بێبەشن، ئەوانەشی شانسی چوون بۆ قوتابخانەیان هەیە، لە ژوری بچکۆلەدا ٣٠، ٤٠، ٥٠ قوتابی مۆڵ دەکرێن، سێ شفت دەوام هەیە بەهۆی نەبوونی بیناوە. نەهجی خوێندن قورس و ترس ئامێزو دواکەوتوانەیە، شوێنی یاری و وانەی سەرگەرمی کەمە. لە زۆر لە قوتابخانەکاندا ترس و چاوسورکردنەوە هەیە، تەنانەت لێدانیش ماوە. وە بەشێکی زۆری منالأن بەهۆی سەختی ژیانەوە دەخرێنە ناو بازاری بێرەحمی کاری پیشەییەوە، لێدان و ئازاردان لە ماڵەوە بۆ قوتابخانە، راستیەکی حاشاهەڵنەگرە. تیکەڵ بەکاری سیاسی دەکرێن و ژمارەیەکی زۆریان تیکەڵ بە خورافەی دینی دەکرێن،... مزگەوت بۆ کوران و و حجاب پۆشی بۆ کچان هەیە... لە قوتابخانەکاندا لەیەکتری جیادەکرێنەوەو نامۆ بەیەکیان دەکەن، یاری کورانەو کچانە هەیە، بە ئاگرو دوپشکی جەهەنەم دەترسێنرێن و وانەی دینیان پێ دەوترێتەوە... بەکورتیەکی لە ژیانێکی تا بڵێی دژواردا راگیراون. لە جیاتی ئەوەی گەورەکان گوێ لە منالأن و خواستەکانیان بگرن، بە منالأن دەڵێن گوێرایەڵ بن. منالأن وەک ئینسانی تەواو تەماشا ناکرێن، بە پاساوی ئەوەی کە لەشت تێناگەن راستییەکانیان پێناوترێت و هەوڵدەدرێت شتگەلێکی زۆریان لێ بشارنەوە. ئەم هەلومەرجە رێگە لەوە دەگرێت منالأن لەزەت لە ژیانی منالأنەی خۆیان ببەن... رێگە لەوە دەگرێت منالأن خاوەن ئیرادەی سەربەخۆ بن و تواناکانیان دەربخەن، بێ مافەکانیان هێندە زۆرە نەوە لەدوای نەوە منالّی شەرمن لە دڵی کۆمەڵگەدا، بەدوای یەکدا دەهێنرێن. منالأنی بێ دایک و باوک، یان بی سەرپەرشتی خێزان... دەوڵەت بەرپرسیاریەتی ژیان و گوزەرانیان هەڵناگرێت و ناچار بەوە دەکرێن خۆیان بەرپرسیاریەتی خۆیان و ئایندەیان لەسەر خۆیان بێت. نەک هەر بەد کەڵی سیکسیان بەرامبەر دەکرێت، بەڵکو کچانی تەمەن نۆ ساڵ لەلایەن رەوتە ئیسلامیەکان و لەسەر سونەتی محەمەدی ئیسلام رێگەپێدراوە لە ٩ ساڵیدا بەشو بدرێن!! ئیغتیسابی شەرعی... بکرێن. هێشتا کچانی خوار تەمەنی باڵق بوون بەزۆر بەشو دەدرێن، بەڵی ئەمەیە حالّی منالأن لە شوێنی وەکو عێراق و کوردستاندا...

دیارە بەرپرسی سەرەکی ئەم ژیانە جەهەنەم ئاساو نابەرابەرو زاڵمانە و بێمافییە هەمەلایەنەیەی منالأن، بەجیا لە دین و کاریگەری رەوتە کۆنەپەرست و ئیسلامیەکان، دەسەلاتی سیاسییە... دەسەلاتێکە کە باکی بە ئایندەی نەوەکانی خۆیی نییە و دەیەوێت هەموو کۆمەڵگە بە منالأنیشەوە بخاتە خزمەت قازانج پەرستی و مانەوەی دەسەلاتی زاڵمانەو دڵرەقانەی خۆیەوە.

ئەو هەلومەرجەی منالأن قابیلی قبوڵ نییە. بەرەی ئینسانی ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازو لایەنگرانی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا کە لەبەرامبەر بەو دۆخە بەئاگان، پێویستە لە چوارچێوەی خەباتی خۆیاندا بۆ باشترکردنی ژیانیان، پرسی منالأن بکەنە پرسێک بەرەو چارەسەر و بەیاسایی مافەکانی منالأن بسەپێنن بەسەر دەسەلاتدا. با یادی جیهانی منالأن بە دروستکردنی ژینگەیەکی پر ئالاو والاو رەنگاو رەنگ و بەرەسمی ناسینی مافەکانیان بەرز رابگرین.

**کۆتایی ئایاری ٢٠٢٣**

**بەشێوەیەکی گشتی لەزوربەی هەرەزۆری دنیادا، هێشتا منالأن لەسەرەتاییترین مافی منالّی خۆیان نەك بێبەش کراون، بەڵکو هاوکات کارکردن بە منالأن، هەرەشە و چاوسورکردنەوەو لێدان و ئازاردان، بەکارهێنانیان لەسوپا و جەنگدا، تا دەگاتە بەدکەڵك وەرگرتنی سیکسی و گرتنە ئەستۆی بژێوی خێزان...لە راستیە شەرمئاوەرەکانی دنیای ئەمرۆن...**

# کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەوالانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەلات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net



## پرسی ژن ؟

بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە

**بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

# توندوتیژی بەکۆمەڵ دژ بەئافرەت و هزری کۆمەڵایەتی

**نووسینی: دکتۆر . ڤیان سلێمان**

دەکرێت بڵێین هزری کۆمەڵایەتی دانانی سەرجەم چوارچێوە تیۆری و پراکتیکییە کۆمەڵایەتییەکانە و دیاریکردنی ئاراستە هزرییە گشتییەکانە کە لێیەوە تاک بە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبووندا تێ دەپەڕێت و دونیابینی تایبەت بە کۆمەڵگەکەی لا دروست دەبێت، هاوکات دەکرێت وەک سیستەمێک لێی بڕوانین کە بناغەی مامەڵە کردنە لەگەڵ ڕووداو و حاڵەت و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، لەهەمان کاتدا بنەمایە بۆ بەها کۆمەڵایەتییەکان و ئاراستەکردنی تاک بەو ئاراستەی کە بۆی دیاری دەکات، ئەوەش بەپێی ئاستی کاریگەربوونی تاک بە سیستەمی کۆمەڵایەتی و بەهاکانی. هزری کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگەیەک پاشخانی کولتووری؛ هەروەها ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و تێڕوانین و بیرکردنەوە و تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی ئێستای کۆمەڵگەیە بۆ مرۆڤ و چۆنیەتی و پرس و تەوەرەکانی ژیان، هزری کۆمەڵایەتی بە تاکەکانی کۆمەڵگە دەڵێت چۆن بژین و چۆن ڕەفتار بکەن و چی بۆ ئەوان گونجاوە و چی گونجاو نییە بۆیان، لەو چوارچێوەیەشدا دیاریکردنی ڕۆڵ و ڕەفتار و شێوازی ژیان بۆ مرۆڤەکان لەسەر بنەماگەلێک کە ئەو هزرە پەسەندی دەکات. بەهۆی باڵادەستی هزری پیاوسالاری؛ هزری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەمان لە تێڕوانین بۆ ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت و پیاو بە زۆری لە هزری پیاوسالارییەوە سەرچاوەی گرتووە، لەو هزرەدا ڕەگەزی باڵادەست پیاوە و خاوەنداری ئافرەت بۆ پیاو دەگەڕێتەوە. لە ئێستادا کە گۆڕانکاری لە هزری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەمان بۆ ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت دروست بووە، دروست نییە بڵێین تاکە سەرچاوەی تێڕوانین بۆ ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت، یاسا و نۆرمەکانی هزری پیاوسالاری و نەریتی باو و ئایدیۆلۆژیای ئایینییە؛ بەڵکوو تەوژمی گۆڕانکارییەکانی کاریگەر بە هزری مۆدێرنە یاخود بیری پێشکەوتووخواز لەگەڵ هزری پیاوسالاری لە ململانێدایە، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانییە ئەو ململانێیە بە ڕێڕەو و پرۆسەیەکی تەندروستدا گوزەر ناکات و بەڕێوە نابرێت، لەو چوارچێوەیەدا زەرەرمەند ئافرەت و ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە؛ ئەمەش لەبەر باڵادەستی یاخود هەژموونی جۆرێک لە ململانێی ڕووکەشانەی دوور لە بنەمای فیکری هاوکاتیش بارگاوی بە جۆرێک لە ڕق و توندوتیژی؛ هەروەها ئاراستەکراو لەلایەن چەندین ئەجێندا کە دڵیان بە پێشکەوتن و سەقامگیری هەرێمی کوردستان تەنگ دەبێت و بە مەترسی بۆ سەر خۆیان لە قەڵەمی دەدەن، تەنانەت ئەو ململانێیە سەری کێشاوە بۆ هەرەمی دەسەڵاتی چەند حیزبێک و بەکاردەهێنرێت بۆ بانگەشەی پێشوەختەی هەڵبژاردن، ئەمەش جیا لە حیزبە ئیسلامییەکان، حیزبی بەناو سۆشیاڵ دیموکراتیشی گرتووەتەوە.

ئەو دۆخەش وای کردووە، کە ڕووداوەکان یاخود ململانێکان کە حاڵەتێکی ئاسایی هەر کۆمەڵگەیەکە لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و شارستانیدا بە ڕێڕەوێکی تەندروست و پشت ئەستوور بە بنەما زانستی و فیکرییەکان بەڕێوە نەچێت و جۆرێک لە بەرژەوەندی و ئەجێندای سیاسی و ڕق و ڕووکەشگەرایی بەسەردا زاڵ بێت، گومانیش لەوەدا نییە، کە ئەو هەلومەرجە لە بەرژەوەندی و سەقامگیری کۆمەڵگە و ئاشتی کۆمەڵایەتیدا نییە، بەڵکوو دەبێتە هۆی پەیدابوونی حاڵەتی نامۆ و تاوانی دڕندانە و دواتر پشێوی و ترازانی کۆمەڵایەتی، هەر وەکوو لە ڕووداوەکەی هوانەی پارێزگای سلێمانی بینیمان کە ئاراستەی توندوتیژییەکە لە تاک بۆ تاک یان خێزان بەرامبەر ئافرەت سەری کێشا بۆ توندوتیژی بەکۆمەڵ، ئەوەش دەرەنجامی پڕکردنی هزری ئەو گەنجانە کە نموونەیەکی بچووککراوەی کۆمەڵگە دەنوێنن بە بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیایەکی توندڕەو و کۆنەپەرستانەی مەترسیدار و توندوتیژ. توندوتیژی وەک ڕەفتار زۆربەی کات ڕەفتاری تاکێکە بەرامبەر یەکێکی تر یاخود چەند کەسێک، بەڵام ئەوەی کە ئەم ڕەفتارە بەکۆمەڵ دەرهەق بە تاکێک بکرێت و ئەو تاکەش ئافرەت بێت ئەمەیان تا ئێستا بە دیاردە نەبووە، بەڵام پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکرێت و هۆکارەکانی و میکانیزمی گونجاو بۆ ڕێگری لێکردنی بگیرێتە بەر. ئەوەش بە گەڕانەوە بۆ مەنتیقی ململانێی فیکری لەپێناو بەرژەوەندی و پێشکەوتنی کۆمەڵگە نەوەک بۆ بانگەشەی سیاسی و ململانێی ئایدۆلۆژی و هەڵای سۆشیال میدیا، کە دواجار ئەوەی لێی زەرەرمەند دەبێت، تەنیا کۆمەڵگەیە، ئەوەی دەکەوێتە مەترسییەوە، ئاشتی کۆمەڵایەتییە، چونکە کرۆکی ئاشتی کۆمەڵایەتی نەبوونی جیاکاری و توندوتیژی و سڕینەوەی بەرامبەر و بوونی پێکەوەژیان و سەقامگیرییە.

کۆمەڵگەی کوردستانی کۆمەڵگەیەکی هەمەڕەنگ و فرە ئایین و پێکهاتەی نەتەوەیی جیاوازە، پێویستە هزری کۆمەڵایەتیمان بۆ چۆنیەتی ڕەفتاری تاکەکان بە بنەماکانی یەکسانی و پێکەوەژیان و ژیانسازی و خۆشەویستی نیشتمان ئاو بدەین، نەک ڕق و تووڕەیی و داننەنان بە یەکدا. ڕێگای دروست ئاراستەکردنی تاکە بەرەو پارێزگاری لە بەها جوانەکان، بەرەو



شان دانە بەر بەرپرسیاریەتی بەرامبەر مرۆڤ و نیشتمان، بەرەو پەیوەندییەکی مرۆڤدۆستانەی تەندروست لە نێوان هەر دوو ڕەگەزی مرۆڤ، بەرەو گەڕانەوە بۆ بنەماکانی کولتووری کورد، کە لەوێدا، ئافرەتی کورد بەراورد بە ئافرەتانی نەتەوەکانی دەوروبەر ئازادی زیاتری هەبووە و ئامادەییەکی کاریگەری لە چالاکییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا هەبووە، هاوکات بە قبووڵکردنی بەها سەردەمییەکان، بەرەو داننان بە یەکسانی هەر دوو ڕەگەز و تێگەیشتن لە جیاوازییەکانی یەکدی، بەرەو پێکەوە ژیانێکی هاوسەنگانە لە پێناو ژیانێکی باشتر و کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو بە هزر و بازووی ئافرەت و پیاو.

✽✽✽✽✽

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بلاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بلاوبوبێتەوە.

* بابەتی بلاوبووە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بلاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بلاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بلاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بلاوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێڕان، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر،وریای رەسام، حەکیم میرزا

## ئێستات باش نیشتمان:



### ئارام حەسەن

هەواڵی دار بەڕوەکانت پرسییوو، ئەوان ئێستا زمانی کوردیان لەبیرچوەتەوە، داری وایان تیایە سەد ساڵە بەڕوو ئەگرێ بەڵام بە عەرەبی قسان ئەکا، دەوەنی واشیان خستوەتەوە شێری فارسان نەبێ نایخەنە سەر لێویان..

حوجرەکان پڕن لە سورەچنار، پڕن لە دارەبەن و مازواری تازەپێگەیشتوو، کەچی عاگۆلنامە ئەخوێنن.. شۆڕەبی عەمامەی لەسەرناوە، دارستانەکان جلیان بە بەرەوە نەماوە، چۆلەکەهەردیلە سرکەیی ئەچنێتەوە، کۆترەکان لەبری گمەگم (یابەیابە)یانە!

ئاسەواری شوێنپێی قارەمانی حیزەڵە جەستەی شەوەڕێ، باریکەڕێ، لاڕێ و تولەڕێی هەلاهەلا کردوە!

بێشەلانێك بۆی گێڕامەوە وتی: لێرە شێر لاسایی وشتر ئەکاتەوە!

قەدپاڵێك پێیوتم: بەرازە نەزۆکەکان وازیان لە مالۆس و خواردنی پیازەخوگانە هێناوە، دڵداری لەگەڵ سوێسکە ئەکەن!

سنەوبەرێك ئەیوت داد و بێدادمە لە دەست شوشەی شەراب!

ئێستا لێرە.. هەتا گێژەڵوکە ئیمزا بۆ لەدایکبوونی سێبەر نەکا قەدەغەیە نەمام بڕوێ، حاکمی موتڵەقی گوڵجاڕان ڕەشەبای چڵکنە، باسی چیت بۆ بکەم نیشتمان؟

باسی ئەو شاعیر و شاعیرۆکانە، کە وەك جەستەی ئادەمیزاد ئەتبینن، یەکێك کردویتی بە کچ و یەکێکی تر ژن، یەکێك بە کوڕ و ئەوی تریش بە سنگی ژنە شەهیدێك!

ئاخر باسی چی بکەم؟

ئەو هەموو گەنجەی ناوی تۆیان نەبیستوە، یان ئەو هەموو هەرزەکارەی گاڵتە بە نون و یێو شین و تێ و میم و ئەلف و نونی دوەمت ئەکەن!

باسی ئەو کەمتیارانە بکەم کە شەوانە بە زریکەی مامزەکان گۆڕستان ئەترسێنن، یان ئەو سێ چەقەڵە، کە سەعات سفری شەوێکی زستان بەرخێکیان ڕفان بە بووکی، یەکێکیان قاچی گرت و ئەوی تر دەمی و سێهەمیشیان بوو بە زاوا؟!

ئێستا لێرە.. ماسیەکان لە بزنمژە ئاوسن، شەوانە ڕەشبەڵەکی دڕکەزیی و دڕکە پێکوڵە.. لە کوێستانان خێڵەوخواری گورگی تورکان و تولەماری عەجەمان و کرمی چاوڕەشی عارەبانە!

ئێرە.. پڕپڕە لە سوپاسالاری دۆڕاو، لە بەڕێوەبەری داوێنپیس و لە فەرماندەی بەزیو..

ئێستا لێرە، نە ئاش ئەگەڕێ، نە بەرداش لە خەو هەڵئەسێ، نە ئاشەوان ئاردی پێوەیە، کوڕوکاڵ لەبری چنینەوەی گوڵەگەنم فیشەك کۆئەکەنەوە..

لێرە.. شەڕە لەسەر شەکەمێ و بەریەنیوەیی تەمەن و ژنبەژنی خەلیفان!

ئێستا، ئەڵقەی هاوژینان شەوی پەردە ون ئەبێ، گیرفانی مێرولە تاڵان ئەکرێ، ئیرەیی بە قژی ڕێحانە و هەڵەکۆك و ڕێواس ئەبرێ، هەرمێ کێویلە لایلایە بۆ سمۆرە ناکا، دۆڵی پەلەزێ و ئاوایی پەنجەخانم بوون بە بەهەشتی کەران، گوێ لە مریشکە کونج ناگیرێ، هیچ کەس خەونی گوڵاڵەسوورە ناگێڕێتەوە، ئەژنۆی گوڵەبەڕۆژە بە جۆرێك شکاوە توانای ڕوکردنە خۆریان نیە، کەس لە حەیرانی کەڵەباب ڕانامێنێ..

ئاسمانی ئێرە.. نە ئەپژمێ نە هەوریش نووزەی لێوەدێ..

ئێستا.. پشتێنی دیرۆکی چوارشانە شلە و تەقەڵی ئالامان هەڵوەشاوە!

*****

*عاگۆل: وشەیەکی عەرەبی دەشتەکیە، بەناوبانگترین دڕکی بیابانە، لای خۆمان پێیئەڵێن وشترخۆرە..

*یابەیابە: حەیرانی عارەبانە..

*پیازەخوگانە: جۆرێك پیازی خۆڕسکی کێوانە، تەنیا بەراز ئەیخوات..

*مالۆس: مێینەی بەراز..

*بزنمژە: هاوشێوەی مارمێلکەیە، بەڵام قەبارەی زۆر گەورەتر و سەوزباوە، بە دزی شوانەوە گوانی بزنان ئەمژێ..

*شەکەمێ: مەڕ لە تەمەنی یەك ساڵیدا..

## له ئاگری جەنگەوە بەرەو ژیانی ئیشق



### نووسینی: جەمال نوری

**ڕۆمانی ( تفەنگە ژەنگاوییەکان) لەنوسینی عبدالقادر سعید لەم ڕۆژانەدا کەوتە بەردیدەی خوێنەران..**

"تفەنگە ژەنگاویەکان" تازەترین ڕۆمانی ڕۆماننوس عبدالقادر سەعیدە، لەڕاستیدا کاتێک بەر ئەم ڕۆمانە دەکەوی، لەڕێگای ناوو تایتڵی ڕۆمانەکەوە، ئەوە لای موتەلەقی دروست دەکات، کە ئەم ڕۆمانە یەکپارچە باس لە جەنگ و کاولکاری و داگیرکاری بکات، بەڵام کاتێک دەست بە خوێندنەوەی ڕۆمانە دەکەی، دەستپێکەکەی بە جەنگ و دیمەنی تراژیدی و خوێن و مەرگ و دابڕان و لەناوچون دەست پێدەکات، بەشێوەیەک وێنای ئەو حاڵەتە دەرونیەی سەربازەکان دەکات، لێرەوە هەست بە لێدانی ترپەی دڵیان بکەی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەکاربردنی زمانی نوسەرلە گێڕانەوەی چیرۆکی کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەی، پاشان وێناو ئیشکردنی وردی نوسەر لەفەزای خەیاڵ و وابەستەکردنەوەی بەو واقیعە تاڵەی ناو جەنگی هەشت ساڵەی عێراق، ئێران و لێکەوتەکانی جەنگ و خوێنڕشتن چ کاریگەریەکی سەلبی لەسەر دەرونی مرۆڤەکان بەجێ دەهێڵێ زۆر بەوردی نوسەر کاری تێدا کردوە بەتایبەت لەڕوە سایکولوژیەکەیەوە.

عبدالقادر سەعید، لەڕۆمانی تفەنگە ژەنگاویەکاندا دەست دەخاتە سەر ئەو برینانەی مرۆڤی کورد کە تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێ هەتوانی زامەکانی نەکراوە، ئیدی بەهۆی جەنگی عێراق ئێرانەوە بووبێ کە سەرباز بووە یان جەنگی داگیرکردنی کوێت، لەپاڵ ئەمەشدا نوسەر بەئاگاییەکی تەواوەوە واقیعی ئەو ڕۆژگارەی وەکو خۆی خوێندۆتەوە و نەیهێشتوە عاتیفە زاڵبێ بەسەر هەستە باڵاکانی و هزری دا، هەربۆیە دێت چیرۆکی ئەو قوربانیانەشمان بۆ دەگێڕێتەوە کە بەتفەنگی دەستی پێشمەرگەوە دەیان کەسیان کردۆتە قوربانی و چەندین ئاشق و مەئشوقیان لەیەک کردوە، کردیانن بە قوربانی دووفیشەک بەو شێوەیەش چیرۆکی ئیشقەکانیان زیندە بەچاڵکردوە، واتە نوسەر لەم ڕۆمانەیدا ئازایانە پەنجەی خستۆتە سەر هەموو ئەو پێشێلکاریانەی بەهۆی شەڕو شۆڕو کاولکاریەوە پێشێلی مافەکانی مرۆڤ کردوەو فەزایەکی مەرگ دۆستی لەشوێنی ژیاندۆستیدا دروستکردوە .

### خاڵی پۆزەتیڤی ڕۆمانی تفەنگە ژەنگاویەکان...

گرنگی ڕۆمانی تفەنگە ژەنگاویەکان خۆی لەوەدا دەبینێتەوە نوسەر توانیویەتی لەڕێگای زمان و وێناو خەیاڵ و ئاوێتە بوونی لەگەڵ دنیای واقیع، فەزای گشتی ڕۆمانەکەی لەدۆزەخی جەنگەوە بگۆڕیت بە ئەشق و ئەوینداری، لە فەلسەفەی مەرگ دۆستیەوە بگۆڕێ بۆ فەلسەفەی مرۆڤدۆستی.

کاری ئەم ڕۆمانە لێرەوە دێتە بەرباس، کە جەنگ وەرگێڕی ئەو وێنە ناشیرین و شێواو و پڕ لە زوڵمانەیە لەدواجاردا جەلادێ بەرهەم دەهێنێ بۆیە دەبێت بگۆڕدرێن بە هاتنە دەنگی خاوەن قوربانیەکان، دەق ئەگەر حوکمی ئاوای نەبوو ئەوا بۆ سەرەنوێلک باشە فڕێ بدرێ.

نوسەری ئەم ڕۆمانە ژیرانە وێنەکانی ناو جەنگی هەشت ساڵەی عێراق - ئێرانی لەڕێگای چیرۆکی جودا جودای سەربازەکانەوە دەگێڕێتەوە، بەشێوەیەک کاری لەناو ڕۆمانەکە کردوە لەڕێگای وێنەی زمانەوە. واتە وێنە دینامیکیەکانی وەها وێناکردوە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا هەست بەجورێک لەدڵەڕاوکێ و چاوەڕوانی ببێ، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە دابڕانی دوو کەسی خۆشەویست و هاوسەری یەکدی بەهۆی جەنگەوە.

چ کارەساتێکی تراژیدی لەگەڵ خوێدا بەجێ دەهێڵێ، کە لەپشت هەر چیرۆکێکیەوە، چەندین وێنەی جوان و، سەبرو پشو درێژی و بەرپرسیارێتی، پیشان دەدا، کە زۆر جیاواز لە بیری جەنگ و کاولکاری دورت دەخاتەوە و شتێکی جیاواز دەخولقێنێت کە دەتکاتە مرۆڤێکی تر و لە کەوڵی بێئاگایی و نەزانی دوورت دەخاتەوە، دەتکاتە مرۆڤێکی ئازاد و بە خۆ و بیرکەرەوە.

### چیرۆکی ئیشقی (عومەر وساراو )جەنگ و دابڕانی ئەبەدی.!

لەمیانەی جەنگی هەشت ساڵەی عێراق-ئێراندا بەهەزارەها سەربازی کورد بەناچاری بەشد اری شەڕەکانی دەکرد لەپێشەوەی جەنگەکەدا و لە هێرش و پەلاماری نێوان سوپای ئێران و عێراق دا، بە هەزارەها سەرباز لەمەیدان شەڕدا دەکوژرا یان بێ سەرو شوێن دەبوون یان دەکەوتنە دەست هێزەکانی ئێران و بەدیلی دەگیران، کە تا تەواوبونی شەڕ، دیلەکانی عێراق لەلای ئێران دەست بەسەر بوون و دیلی ئێرانیەکانی لای عێراقیەکان بەهەمان شێوە دەست بەسەر دەمانەوە.

(عومەر) یەکێک بوو لەو سەربازە کوردانەی کە لەیەکێک لە شەڕەکانی جەنگی عێراق - ئێران کەوتبوە دەست ئێرانیەکان و بەدیلی دەگیرێ.

عومەر یەکێکە لەو کارەکتەرە سەرەکیەی ناو ڕۆمانی تفەنگە ژەنگاویەکان، بەڕێگای خۆشەویستیەوە توانیبووی ژیانی هاوسەری دروست بکات لەگەڵ خاتونێک بەناوی (سارا)، کە مامۆستایە لە خوێندگەی میلۆدی سلێمانی، ئەم دوو هاوسەرە بێئەندازە یەکتریان خۆش دەوێ، بەجورێک ئاشقی یەکدی بوون مەگەر مەرگ لەیەکیان دابپڕێ، وەلێ ئەفسوس جەنگ زۆر بەسانایی ئەم دوو ئاشق و مەئشوقە لەیەک دادەبڕێ، کە ساڵەهای ساڵ سارا هاوژینی عومەر دەبێ لەچاوەڕوانی مێردەکەیدا بێت کە هیچ هەواڵێکی نابیستری ولەشەڕەکەدا بەبێ سەرو شوێن ناوزەد کراوە، ساڵ دێت و دەڕوا سارا لەچاوەڕوانیەکی نادیاردا دەمێنێتەوە، بەهۆی داب و نەریتی کۆمەڵگەو خزم و

بۆ لاپەڕە 13



# دابران لە نەریت و شێوەکاری چەپی ڕادیکاڵ
# مەرجی کۆمەڵایەتی بونەوەی حزبە...

نووسینی: عوسمان محەمەد

هەلوومەرجی سیاسی جیهان لەئاستانەی ئاڵوگۆڕێکدایە بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نیزامی سەرمایەداری لەئەزمەیەکی قووڵی خنکێنەردایە، بۆرژواکان وەک نەریتی هەمیشەییان لەهەوڵی ئەوەدان زەرەرو زیانەکانی ئەم ئەزمەیە بدەنەوە بەسەر چینی کرێکاردا، بۆیە کۆمەڵگەیان کردۆتە مەنجەنیقێک بۆ خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش.... بێزاری خەڵک گەیشتۆتە لووتکە ئێستا لەهەموو کاتێ زیاتر خەباتی کۆمۆنیستەکان بۆ ڕابەرایەتی و ڕێکخستنی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان خەڵکی شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز پێویستی ترە، دەخالەتی کۆمۆنیستەکان لەم هەلوومەرجەدا بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگەو دیاریکردنی چارەنووسیان مەسەلەیەکی گرنگ و حەیاتیە.

خەباتی چینی کرێکار لەدژی نیزامی سەرمایەداری و بەرگرتن بەهێرشی درندانەیان کارێکی ڕۆژانە و بەردەوامە بەئاشکراش ئەنجام ئەدرێ، کارێک نییە لەژێر زەمینەکان و لەپشتی پەردەوە بکرێ یان ئەنجام بدرێ.

هەرحزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی و مارکسیست بەبێ درێژەدان بەم خەباتە ڕۆژانەیەی چینی کرێکار بەهیچ ئامانجێک ناگات، سەنگی مەحەکی هەر ڕێکخراوێکی سیاسی (کۆمەڵگەیە)....بەبێ جولاندنی کۆمەڵگەو تەوازوونی هێزو کۆکردنەوەی هێزی کرێکارو کۆمەڵانی خەڵک ئەکەوێتە کەناری سیاسیەوە. تائێستا ئێمە نەمانتوانیوە ببینە هێزیکی کۆمەڵایەتی کاریگەر کە ئەحزابی بۆرژوازی بخاتەژێر گوشاری توندەوە.

لەدەورانی پێشوودا ئێمە ناوبانگمان بەدووشت دەرکردووە.

یەکەم/حزبێکی دژی دین و دژی ئیسلامی سیاسی.

دووەم/وەک حزبێکی سیاسی کەبەرگری لەمافی ژن ئەکەین.

بەڵام لە ناو چینی کرێکار و خەباتی ڕۆژانەی ئەم چینە ڕۆڵ و کاریگەریمان لاواز بوە و وەک حزبێکی دژی سەرمایەداری کە خەبات ئەکات بۆ دامەزراندنی سۆشیالیزم و کۆتاییهێنان بە ستەم و چەوسانەوە، کەمتر دەرکەوتین هەر لەبەر ئەوەش بووە کە کرێکاران کەمتر ڕوویان لە حزبی ئێمە کردووە.

لە دوای لینین و بۆڵشەویزم، بە هۆی شکستی شۆرشی کرێکاری لە روسیا ئیتر دابڕانێک کەوتە نیوان چینی کرێکار و کۆمۆنیزمەوە، سەرئەنجامیش ئەحزابی چەپ و بەناو کۆمۆنیست و سۆسیالیست لە پراکتیک و شێوەکاری کۆمۆنیستی دابڕان.

ئەوە نزیکەی سەدەیەکە لە سایەی باڵادەستی پەیداکردنی جۆرەها سۆشیالیزم و کۆمۆنیزمی بورژوازیەوە، شێوەکارو پراکتیکی سۆشیالیزمی بورژوازی و وردەبۆرژوازی برەوەی پەیداکردوە، بە دیاریکراوی سوونەتەکانی چەپی ڕادیکاڵ و ڕۆشبیران و وردەبورژوازی نارازی خەباتی کۆمۆنیستەکانی لە قالب داوە.

شۆڕشی سۆشیالیستی بەبێ ڕێکخستنی چینی کرێکار ئیمکانی نییە، مەشغەڵەی ئێمە کاری بەردەوامی ئێمە، پیویستە چینی کرێکارو بزووتنەوەی کرێکاری بێت، هەرئەمەش وا دەکات کە بتوانین کۆمەڵاتی بینەوە و لە ناو چینی کرێکار رەگ و ریشە داکوتین. ئەگینا لە باشترین حاڵەتدا تەنها دەتوانین گروپێکی فشار بین بەسەر دەسەڵات و ڕەوتە بۆرژواکانەوە. ئەوە ڕاستە بەدرێژای مێژوو بۆرژوازی دەسەلاتدار، لەهەوڵی ئەوەدا بووە کە ئێمە قەدەغە بکەن. وە لە چوارچێوەیەکدا قەتیس بکەن، بەڵام بەرە بەرە رەزایەت دان بەم چوارچێوەیە بوەتە نەریک لای کۆمۆنیستەکان وەکو ئەوەی کە خەباتی کۆمۆنیستی هەر لە بناغەوە خەباتێکی نهینی بیت، بۆیە ملمان بەو چوارچێوەیە داوە و نەمانتوانیووە بشکێنین دەست و پێی خۆمانی لی رزگار بکەین. بۆ دەرچوون لەم هەلوومەرجە سیاسی و پراکتیکیە ئەبێ ئەم تەوقی قەدەغەیە بشکێنین و خۆمان بەخاوەنی کۆمەڵگە بزانین ئەبێ بەرنامەی ئێمە و پراکتیکی ئێمە بۆ کۆمەڵگە زۆر بەڕۆشنی تەبلیغ بکەن.

ڕەوتە ئیسلامیەکان و ناسیۆنالیستەکان و بەشەکانی تری بۆرژوازی بە بەرنامە دژی ئینسانیەکانیانەوە لەهەموو کۆڕو کۆمەڵێک قسەی خۆیان و سیاسەتی خۆیان تەبلیغ ئەکەن بەبێ ئەوەی شەرم بکەن هەرچی قیەم و هەست و سۆزی ئینسانی هەیە ئەیخەنە ژێر پرسیارەوە بەشێک لەخەڵکیش گوێیان لێ ئەگرێ. بەڵام ئێمە کە ئەو هەموو بەرنامە پراوپڕ ئینسانیەمان، نەک نابێ سڵ لەوە بکەینەوە کە لە هەموو کۆڕۆکۆمەڵ و بەوپەری شانازیەوە پیداگری لەسەر بەرنامە و سیاست و ئامانجە ئازادیخوازانەکانی خۆمان بکەین، بەڵکو دەبێ جێگا بە کۆنەپەرستانی ئیسلامی و ناسیۆنالیست لێژ بکەین، فەزایەک بەرپا بکەین کە ئەوان شەرم لە خۆیان بکەن کە باسی فروفیشالی نەتەوەپەرستی و خورافات و دواکەوتوی ناسیۆنالیستی و ئیسلامیان بکەن.

ئەو کارو چالاکیە سیاسیەی کە ئێمە کردوومانە، بێ وێنە بووە لە مەیدانی سیاسیدا، تەنانەت بۆتە جێگەی سەرنجی نەیارەکانمانیش لەزۆر جێگەدا باسی ئەوەیان کردووە، کۆمەنیستەکان لەگەڵ ئەوەی کە گشت بەشەکانی بۆرژوازی هەرەشەیان لێئەکەن و بەردەوام ڕێگریان بۆ دروست ئەکەن، لەهیچ لایەنێکی سیاسی و حکومی ئیمکاناتی ماددی وەرناگرن لەسەر ئەرک و گیرفانی خۆیان ئەو هەموو چالاکی و تێکۆشانە بەردەوام درێژە پێ ئەدەن، لەهیچ هەرەشەیەکی ناسڵەمێنەوە، بەڵام چونکە ئەو چالاکی و ئەنەرژیانە لەمەیدانی تاکتیکیا بەخەرج دراوە، وە ئەوەش چوار چوارچێوەیەکی بۆ ئێمە دروست کردووە، کە تەبلیغ و تەرویجی ئێمە لە قالب بدات، لەم حاڵەتەدا کادرو ئەندامانی ئێمە ناتوانێ دەستی کراوەبێت.

بەرنامەی پراکتیکی خۆمان لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا تەبلیغ بکەین کاتێ لەکۆڕ و کۆمەڵێکدا بەشدار ئەبین نابێ دودڵ بین خۆ لەکۆڕ و کۆمەڵەکان خۆمان دوور بگرین، ئەبێ ئەم پراکتیک و شێوەکارە زۆر جەریئانە تێکبشکێنین بۆئەمەش ئەبێ کارەکتەرێکی زۆر چالاک بین و کۆمەڵگە بێنینە پای سیاسەتەکانی خۆمان. هیچ کاتێک کۆمەڵگە بەقەد ئێستا تینووی سیاسەتەکانی ئێمە نەبووە، بەڵام ئەبێ تەبلیغ و تەرویجی ئێمە سەرچاوەو خەبات و تێکۆشانمان بچێتە سەر دژی سەرمایەداری و سیستەمێکی بەرهەمهێنانی دژی ئینسانی کە دروستیان کردووە ئەگەر بتوانین ئەم پراکتیکە دژی سەرمایەداریە پیادەبکەین ئەوا سیاسەتەکانمان لەمەیدانی دین لەمەیدانی ژنان لە دژی ناسیۆنالیزم و ڕەوتە بۆرژواکانی تر ئەچێتە قاڵبی خۆیەوە قسەکانیشمان ناکۆک نابێ بۆ بەرژەوەندی و ئاواتەکانی بۆکۆمەڵانی خەڵک.

ئەبێ کادر و ئەندامانی ئێمە ئەوە بزانن کە ئەسڵ لەخەباتی ئێمەدا ئەوەیە کەڕێکخەری چینی کرێکار بین بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی. بەبێ ڕێکخستنی چینی کرێکار شۆڕشی سۆشیالیستی کارێکی مەحاڵە، کاتێک کە ڕەخنەی ئێمە ئەچێتە سەر ڕەووتە ئیسلامیەکان یان ڕەخنە لەدژی نایەکسانی ژن و پیاو ئەگرین لەبەر ئەوەیە کەئەمانە هاوکارو پشتیوانی لەم نیزامە چەوسێنەرە ئەکەن.

مارکسیستەکان کەڕەخنە لە ژێردەستەیی ژنان ئەکەن ئەوە تەنها و بە تەنها لەبەرخاتری خودی ئازادی ژن نییە، چینە چەوسێنەرەکان هەربناغەوە هێزی چینی کرێکارییان کردۆتە دووبەشەوە نیوەی کرێکارانیان بێبەش کردووە لەخەبات بۆ ڕزگاری و گەیشتن بە شۆڕشی سۆشیالیستی هەرکاتێک کە ئەزمەی ئابووری تەوژمیان بۆئەهێنێ ئەوە بەئەشکاڵی جۆراوجۆر هەوڵ ئەدەن ژن بنێرنە ماڵەوە، چونکە ژنان لەماڵەوە کاریان هەیە دیارە ئەوکارەشیان بێ کرێیە، بەم نەخشەیە ئەیانەوێ دوو هەدەف بپێکن.

یەکەم: ئەیانەوێ ژنان دابڕێن لەخەبات و نارەزایەتی دژی سەرمایەداری.

دووەم: ئەم کارو ماندووبونەی ژنان نەکرێی هەیەو نە هیچ ماف و ئیمتیازێک.

لەم ڕوانگە سیاسیەوە کۆمۆنیستەکان ئەڕواننە چەوسانەوەی ژنان نایەکسانی ژنان بەکاڵا کردن و کۆیلە کردنیان لەوێوە سەرچاوە ئەگرێ.

ئەم تێڕوانینە بۆ مەسەلەی دینیش هەروایە، واتە ڕەخنەی سەرەکی کۆمۆنیزم لە دین تەنها ئەوە نییە کە خورافات و کۆنەپەرست و ناکۆکە بە زانست و ژیانی مۆدیرنی ئینسان، بەڵکو لەمەش زیاتر و لە بنەرەتدا ڕەخنەی سەرەکی کۆمۆنیزم لە دین ئەوەیە کە بەرگری لە دابەشبونی کۆمەڵایەتی دەکات بۆ چینی چەوساوە و چینی چەوسێنەرە، بەرگری لە سیستەمی سەرمایەداری دەکات، خەباتی کرێکاران لە پێناو رزگاری دوچاری هەڵدێر دەکات، لەسەر بناغەی دینی ناکۆکی و تەفرەقە لە نیوان کرێکاران سەر بە دینە جیاوازەکان دروست دەکات..هتد ئەگەر نا هەرکەسێ ئازادە چ دینێک و چ بیروباوەڕێک هەڵئەبژێرێ و پەیڕەوی لێئەکات کاتێک کە ڕەخنەی بناغەی و ستراتیژی ئێمە لەدژی سەرمایەداریەوە سەرچاوەئەگرێ و ئەوا تەبلیغی ئێمە لەنێو خەڵکدا پێشوازی لێئەکرێ لەهەمان کاتدا دەستی کادرو ئەندامانی ئێمە ئەکاتەوە بۆ ئەوەی لەهەر کۆڕو کۆمەڵێکدا قسەی خۆیان بکەن بەبێ دوودڵی و شەرم کردن، کاتێک کە ڕەوتە ئیسلامیەکان و ناسیۆنالستەکان بەو هەموو سیاسەتە دژی ئینسانیەوە لەکۆڕو کۆمەڵانەدا زۆرترین دەمەوەری ئەکەن بۆچی ئێمە بەو بیروباوەڕە ئینسانیانەوە نەتوانین قسەی خۆمان بکەین.

تەبلیغی ئێمە ئەبێ بچێتە سەر ئەوەی کە ئەحزابی سەر بەبزوتنەوە بورژوازییەکان بۆ چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگە لەباری ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە بەرنامەیان چییە...؟

چۆن چارەسەری نەبوونی و بێ کاری و تیرۆرو ڕەشە کوژی و نەبونی ئاو و کارەبا و نەوت و بەنزین و ...هتد.

ئەبێ قسەو باسە سیاسییەکانمان ئەو مەیدانە بنەڕەتییانە بپێکین کە ڕاستەوخۆ لەناکۆکی کارو سەرمایەوە سەرچاوە ئەگرێ.

بە واتایەکی تر ناکۆکی ئێمە لەگەڵ ئەحزاب و بزوتنەوە کۆمەڵاییەتیەکانی بورژوازی کە لەسەر ئەو نابەرابەرییەی ناو کۆمەڵگەیە، ئەو نابەرابەرییە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵاییەتیەی کە سیستەمی سەرمایەداری دروستی کردووە...


*****

# بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

بەشی هەژدەهەم

## ریفۆرم و شۆڕش

## پەیوەندی جنسی




دامەزراندنی پەیوەندی ئازادانە و ئارەزوومەندانەی جنسی مافی حاشاهەڵنەگری هەموو ئەو کەسانەیە کە گەیشتوونەتە تەمەنی یاسایی کامڵ بوونی جنسی.

تەمەنی یاسایی کامڵبوونی جنسی بۆ ژن و پیاو ١٦ ساڵە. پەیوەندیگرتنی جنسیی کەسانی گەورەساڵ (سەرووی تەمەنی یاسایی کامڵبوون)، لەگەڵ کەسانی خوار تەمەنی یاسایی، تەنانەت ئەگەر بەڕەزامەندی خۆشیان بێت، قەدەغەیە و بەتاوان دەژمێردرێت.

هەموو کەسانی گەورەساڵ چ ژن چ پیاو، بۆ بڕیاردان لەسەر پەیوەندیگرتنی جنسی خۆیان لەگەڵ کەسانی گەورەساڵی دیکەدا بەتەواوی ئازادن. پەیوەندی جنسی ئارەزوومەندانەی کەسانی گەورەساڵ لەگەڵ یەکتردا، مەسەلەی تایبەتی خۆیانە و هیچ کەس و هیچ دەزگایەک مافی تاقیبکردن و خۆتێهەڵقورتاندنی تێدا نییە و بۆی نییە لە ئاستی گشتیدا ڕایبگەیەنێت.

هەموو خەڵکی و بەتایبەت لاوان و تازەلاوان دەبێ بخرێنە بەر فێرکاری جنسی و فێرکردنی شێوازە بێمەترسیەکانی بەرگرتن بە سکپڕی، هەروەها فێرکردنی ئەو شێوازانەی کە سەلامەتیی پەیوەندی جنسیی زامن دەکەن. فێرکردنی جنسی دەبێ بەشێک بێت لە وانە ئیجباریەکانی قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی. دەوڵەت لەسەریەتی لە ڕێگەی ڕاگەیاندن، پێکهێنانی کلینیک و دەستە ئاموزشیە گەڕۆکەکان، هەڵمەت و بەرنامە ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنیە تایبەتەکان و هەرشێوازێکی کاریگەری دیکەوە، ڕۆشنبیری زانستیی خەڵک لەسەر لایەنە جیاجیاکانی پەیوەندی جنسی و مافە یاساییەکانی تاکەکان لە پەیوەندی جنسیدا بەخێرایی و بەفراوانترین شێوە پەرەپێبدات.

هۆیەکانی بەرگرتن بە سکپڕی و ئەو نەخۆشیانەی کە لە پەیوەندی جنسیەوە سەرچاوە دەگرن، دەبێ بەخۆڕایی و بەئاسانی بخرێتە بەردەستی هەموو کەسانی گەورەساڵ.

### لەباربردن

کەم دیاردە بەئەندازەی لەباربردن، واتە لەناوبردنی بەئەنقەستی کۆرپەڵەی ئینسانی بەهۆی گوشارە کەلتووریی و ئابووریەکانەوە، بێبایەخی وجودی ئینسانی و ناتەبایی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە چەوسێنەر و چینایەتیە زاڵەکان لەگەڵ وجود و بەختەوەریی بەشەردا نمایش دەکات. لەباربردن بەڵگەی لەخۆنامۆبوون و داماویی ئینسانە لەبەرامبەر ئەو کوێرەوەری و بێبەشیانەی کە کۆمەڵگای چینایەتی بەسەریدا دەسەپێنێ.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی دژ بە کرداری لەباربردنە و لەپێناو کۆمەڵگایەکدا خەبات دەکات کە هیچ تەنگەبەری و هۆکارێک پاڵ بە ئینسانەکانەوە نەنێت بۆ ئەنجامدان وەیان ڕازی بوون بەم کارە.

لەهەمان کاتدا مادام کە هەلومەرجی نەشیاوی کۆمەڵایەتی بەهەرحاڵ ژمارەیەکی زۆری ژنان بۆ ئەنجامدانی لەباربردن پاڵ پێوە دەنێت، تەنانەت ئەگەر بەشێوەی نهێنیش بووبێت، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بەمەبەستی ڕێنەدان بە خراپ کەڵک لێوەرگرتنی قازانجپەرستان و بەمەبەستی زامنکردنی سەلامەتیی ژنان خوازیاری بەدیهاتنی ئەم خاڵانەی خوارەوەیە:

–یاسایی بوونی لەباربردنی کۆرپەلە تا تەمەنی ١٢ هەفتەیی

–لەدوای تەمەنی ١٢ هەفتەییەوە تەنها لەحاڵەتێکدا لەباربردن یاسایی دەبێت کە مەترسی هەبێت لەسەر ژیانی دایکەکە (تا ئەوکاتەی کە نەشتەرگەریی قەیسەریو پاراستنی کۆرپە بەپشتبەستن بە دوا دەسکەوتە پزیشکیەکان مەیسەر دەبێت). دیاریکردنی ئەم حاڵەتانە لەدەسەڵاتی ناوەندی پزیشکیی خاوەن سەڵاحییەتدایە.

– دابینکردنی فراوان و خۆڕایی هۆ و پێداویستیەکانی تێستی سکپڕی و فێرکردنی خەڵک لە چۆنێتی بەکارهێنانیاندا، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی خێرای سکپڕیە نەخوازراوەکان.

–ئەنجامدانی لەباربردن و چاودێریکردنی پزیشکیی بە خۆڕایی و لە کلینیکە مۆڵەتپێدراوەکان و لەلایەن پزیشکانی پسپۆڕەوە.

–مافی بڕیاردان لەسەر ئەنجامدان یان نەدانی لەباربردن لە دەستی ژن خۆیدایە. دەوڵەت لەسەریەتی بەرلەوەی ژنەکە بە دوابڕیاری خۆی بگات، وە بەمەبەستی ئەوەی کە ڕێگای لەباربردن نەگرێتەبەر، لە ڕێنمایی و پێشنیاری پسپۆڕانی زانستی و لێکۆڵەرەوە کۆمەڵایەتیەکان و هەروەها ئەرکە ماددی و مەعنەویەکانی دەوڵەت لەبەرامبەر خۆی و کۆرپەکەی ئاگاداری بکاتەوە.

هەروەها بەمەبەستی کەمکردنەوەی حاڵەتەکانی لەباربردن، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خوازیاری ئەنجامدانی ئەم هەنگاوە دەستبەجێیانەی خوارەوەیە بۆ بەرگرتن بە سکپڕیە نەخوازراوەکان و لەناوبردنی گوشارە ئابووری و کەلتووریەکان لەسەر ژنان:

–فێرکردن و هوشیارکردنەوەی جنسیی خەڵک بە شێوەیەکی فراوان دەربارەی چۆنیەتی بەرگرتن بە سکپڕی و گرنگی ئەم مەسەلەیە و دابینکردنی ڕاوێژکاران و لێکۆڵەرەوە کۆمەڵایەتیەکان بۆ ڕێنوێنی کردنی خەڵک.

– فەراهەمکردنی فراوان و خۆڕایی هۆیەکانی بەرگرتن بە سکپڕی.

–تەرخانکردنی بودجە و ئیمکاناتی پێویست بۆ کۆمەک بەو ژنانەی کە بەهۆی گوشاری ئابووریەوە بەناچاری پەنا بۆ لەباربردن دەبەن. ڕاگەیاندنی ئامادەیی دەوڵەت بۆ سەرپەرشتی کردنی کۆرپە لەحاڵەتی وازهێنانی دایک لە لەباربردن.

–وەستانەوەی لێبڕاوانە لە باری فەرهەنگیەوە بەڕووی ئەو دەمارگیری و گوشارە ئەخلاقیانەی کە ژنان ناچار بە لەباربردن دەکەن. پشتیوانیی چالاکانەی دەوڵەت لەژنان لەبەرامبەر ئەم جۆرە گوشار و دەمارگیری و هەڕەشانەدا.

–خەبات لە دژی تێگەیشتنە خورافی و دینی و پیاوسالارانە و دواکەوتووانەکان لە کۆمەڵگادا کە ڕێگرن لەبەردەم گەشەسەندنی هوشیاری جنسیی خەڵک و بەدیاریکراویش کۆسپن لەبەردەم بەکارهێنانی فراوانی هۆیەکانی بەرگرتن بە سکپڕی و پاراستنی سەلامەتیی پەیوەندی جنسیی لەلایەن ژنان و لاوانەوە.

خەبات لە دژی ئالودەبوون و قاچاخچێتی بە ماددە بێهۆشکەرەکانەوە

قەدەغەکردنی بێئەملاوئەولای کڕین و فرۆشتنی ماددە بێهۆشکەرەکان و تاقیبکردن و سزادانی توند و لێبڕاوانەی ئەوانەی بەرهەمی دەهێنن و قاچاخچێتی پێوە دەکەن و بە شێوەی نایاسایی دەیفرۆشن.

کۆمەک بە مەسەلەی خەبات لە دژی ئالودەبوون لە ڕێگای لەناوبردنی ئەو زەمینە کۆمەڵایەتی و ئابووریانەوە کە دەبنە هۆی ڕوتێکردنی تاکەکان بۆ بەکارهێنانی ماددە بێهۆشکەرەکان و پشتیوانیکردن لە ئالودەبووان لە بەرامبەر دەڵاڵ و تۆڕەکانی قاچاخچێتی و فرۆشتنی ماددە بێهۆشکەرەکاندا.

بە تاوان هەژمارنەکردنی ژیانی ئالودەبووان و یارمەتیدانیان بۆ وازهێنان لە ئالودەبوون لە ڕێگەی:

پێکهێنانی کلینیکی دەوڵەتی بۆ دابینکردنی ڕێژەیەکی پێویست لە ماددە بێهۆشکەرەکان بۆ ئالودەبوان لە حالەتی نیشاندانی ئامادەیی بۆ بەشداریکردن لە خولەکانی وازهێنان لە ئالودەبووندا.

ڕێگەدان بە هەڵگرتنی بڕێک ماددەی بێهۆشکەر بە ئەندازەی پێویستیی شەخسی. دابینکردنی خۆڕایی سرنج و ئەمپول بۆ هەموو ئەوانەی کە خوازیارین، لەڕێگەی دەرمانگەکانەوە بەمەبەستی پاراستنی ئالودەبووان لە نەخۆشیەکانی وەک ئایدز، هەوکردنی ڤایرۆسی جگەر و تاد و کۆمەککردن بە کۆنترۆڵکردنی مەودای بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشیانە.

قەدەغەکردنی هەرجۆرە دوورخستنەوە، زیندانیکردن و دابڕینێکی ئالودەبووان لە کۆمەڵگا تەنها لەبەر ئالودەبوونیان. ئالودەبوون بە ماددە بێهۆشکەرەکان خۆی لە خۆیدا تاوان نییە.

### خەبات لەدژی لەشفرۆشی

خەباتی چالاکانە لە دژی لەشفرۆشی و بازرگانی سێکس لە ڕێگەی لەناوبردنی زەمینە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووریەکانیەوە و ڕوبەڕوبوونەوەی لێبڕاوانە لەگەڵ تۆڕەکانی سازدانی لەشفرۆشی، بازرگانانی سێکس، دەڵاڵ و باجخۆرەکان.

قەدەغەکردنی بێئەملاوئەولای هەرجۆرە بازرگانیەک بە کاری لەشفرۆشی، دەڵاڵی و چەوساندنەوەی ئەو کەسانەی کە دەست دەدەنە لەشفرۆشی.

بەتاوان هەژمار نەکردنی ژیان و کاری ئەو کەسانەی کە دەست دەدەنە لەشفرۆشی. کۆمەک بە گێرانەوەی ڕێزو حورمەتی کۆمەڵایەتی و دەسکۆتاکردنی تۆڕ و باندە تاوانکارەکان لەسەر ژیانیان لە ڕێگای:

– قەدەغە نەبوونی فرۆشتنی سێکس وەک کارێکی فەردی و پشتیوانی یاسا و دامودەزگاکانی پۆلیس لە کەسانی لەشفرۆش لەبەرامبەر تۆڕ و باندە چەتە و باجخۆر و جەردەکاندا.

–بەخشینی مۆڵەتی کارکردن بەو کەسانەی کە وەکو کارێکی فەردی دەست دەدەنە لەشفرۆشی، پارێزراوبوونی شەخسیەت و حورمەتیان وەکو هاوڵاتی بەڕێزی کۆمەڵگا و کۆمەککردن بە ڕێکخراوبوونیان لە ڕێکخراوی پیشەیی خۆیاندا.

–پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی و دەرمانی تایبەتی بۆ خۆپاراستن بەمەبەستی پاراستنی ئەم کەسانە لەو نەخۆشی و زیانانەی کە بەهۆی ئەم پیشەیەوە توشیان دەبێ.

–هەوڵدانی دامودەزگا بەرپرسە دەوڵەتیەکان بۆ هۆشیارکردنەوەو هاندان و یارمەتیدانی عەمەلیی کەسانی لەشفرۆش بۆ دەستهەڵگرتن لەم کارە و بەدەستهێنانی شارەزایی و هوشیاریی پێویست بۆ کارکردن لە مەیدانەکانی دیکەی کۆمەڵگادا.

ماویەتی

# دیمانەی بڵاوکراوەی داروگ لەگەڵ مەنسور حیکمەت سەبارەت بە هەلومەرجی منداڵان و مافەکانیان...



**سەوسەن بەهاری: سڵاو، هەروەها سوپاس کە بانگهێشتی "داروگ" تان بۆ ئەنجامدانی ئەم چاوپێکەوتنە قبوڵکرد.**

**مەنسور حیکمەت** زۆر سوپاس بۆ بانگهێشتنەکەتان و هەروەها پێش هەمووشتێک هیوای سەرکەوتن بۆ خۆینەرانی بڵاوکراوەی پڕخوێنەری "داروگ" ئەخوازم.

**سەوسەن بەهاری: ئێوە لەبەرنامەی" دنیایەکی باشتر"،بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراندا بەشێکتان تایبەت کردوە بە مافەکانی منداڵان، ئەگەر دەکرێت دەتوانن هۆکاری ئەم بابەتە ڕوون بکەنەوە؟**

**مەنسور حیکمەت:** منداڵان و تازەلاوان یەکێک لە بێبەشترین و بێ مافترین بەشەکانی کۆمەڵگەن. قوربانیانی بێدەنگکراوی ڕژیمی کۆمەڵایەتی ملهوڕو نایەکسانی ئێستان. لە زۆربەی کۆمەڵگەکان و هەتا لەم ئەورووپا ڕۆژئاواییە بەناو پێشکەوتوەدا، بۆزۆرکەس هەر ئەوەی کە منداڵ مافێکی قابیلی پێشێل نەکراویان هەیە، وە باوک ودایک وخێزان و قوتابخانە وە بەگشتی دونیای گەورە ساڵان هەرکارێک کە دەیەوێ نەتوانێت بە ئەوی بکات، جێگای پەسندکردن نییە. لە بەشێکی زۆری جیهان، منداڵان لە تەمەنێکی زۆر کەمەوە دەخەنە بەر کار و بەهەزارو یەک شێوە ڕووبەڕوی چەوسانەوە و بەهەڵە سودلێوەرگرتنیان ئەکەنەوە. وە تازە لەو جێگایانەشی کە یاسایەک هەیە کە کەمێک پێش بەم کارە قێزەونانە دەگرێت، هێشتا منداڵ لە ماڵ و قوتابخانە توندوتیژی ئەبیستێ و ئەشکەنجە ئەدرێ. بیری لێبکەرەوە، لێدان وشەڕکردن و ترساندنی منداڵ، برسیکردن و زیندانیکردنی، هەر لە ئەم ئەورووپای ڕۆژئاوایەدا لە ژێرناوی پەروەردەی منداڵدا برەوی هەیە وە باوک ودایکان و زۆرێک لە قوتابخانەکان ئەم توندوتیژیە لە دژی منداڵان بە مافێکی خۆیان دەزانن. لەم تێڕوانینەوە منداڵان هیچ جیاوازیەکیان لەگەڵ خەڵکی بەشمەینەتدا نییە، ئەبێت بۆ ئازادکردنیان هەوڵبدرێت وە هیچ حزبێکی سیاسی ناتوانێت خۆی بە لایەنگری ئازادی و ماف و یەکسانی بزانێت، بەبێ ئەوەی زۆر ڕۆشن و لێبڕاوانە لەپیناو مافەکانی منالاندا خەبات بکات. من وەک خۆم وابیر دەکەمەوە بۆئەوەی ئازادیخوازی هەر کەس، چ تاک، چ حیزب وە چ دەوڵەت، باشتر بناسین ئەبێت بەر لە هەر شتیک سەیری ڕەفتاریان بکەین لەگەڵ منداڵاندا.

**سەوسەن بەهاری: ئایا ئەم مافانە هەر ئەمڕۆ بۆ هەموو منداڵانی جیهان لەبەرچاودەگریت؟**

**مەنسوور حیکمەت:** بە دلنیاییەوە، بەبێ هیچ تێبینی و ئەگەر و ئەمایەک. ئەوەی کە ئێستا ئێمە لەبەرنامەدا نوسیومانە هێشتا هەنوکەیترین داخوازییە لانی کەمەکانی ئێمەیە. زۆر کاری زیاتر هەیە کە بۆ گەیشتنی منداڵان بە مافەکانیان وە بەهرەمەندبونیان لە ژیانێکی شاد و داهێنەرانە ئەبێت ئەنجام بدرێت.

**سەوسەن بەهاری: بۆ ئەوەی کە منداڵان ئەم مافانە بەدەست بهێنن، بە بۆچونی ئێوە چی کارێک ئەتوانرێت بکرێت وەیان ئەبێت بکرێت؟**

**مەنسوور حیکمەت:** ئەمە پرسیارێکی گرانە. لەبەرئەوەی کە کارگەلێکی زۆر هەن کە ئەبێت بکرێن. ئاشکرایە کە هەموو سیستمی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەمڕۆی جیهان کە بنەماکەی پارەپەرستی و قازانج پەرستی کەمینەیەکی بچوکە، ڕیشەی هەموو بێمافیەکان و بەشمەینەتیەکانی خەڵکە وە هەروەها منداڵانیش. ئەبێت ئەو سیستەمە بگۆڕین و یەک دنیای باشتر لەجێگایدا دروست بکەین. باشە، ئەوانەی کە سود لەم سیستەمە وەردەگرن، بە زمانی خۆش ڕێگەنادەن کە ئەم کارە بکەین. ئەوان دەوڵەتیان هەیە، سوپایان هەیە، کلیسا و مزگەوت و زیندانیان هەیە، تەلەفیزیۆنیان هەیە، کەشیشیان هەیە، مەلایان هەیە و ڕیگای ئازادی منداڵان دەگرن. ئەبێ ئەوانە هەموویان بخەینە لاوەو شکستیان پێبهێنین. وە ئەمە خەباتێکە کە مرۆڤە چاک و شەریفەکانی جیهان هەموو ڕۆژێک سەرقاڵن پێوەی، بەڵام بێبەشی منداڵان هۆکاری تریشی هەیە، یەکێک لە گرنگترینی ئەوانە ناوشیاری ودواکەوتویی و دەمارگیری دایکان وباوکان وخێزانەکان و گەورەساڵانێکە کە بۆنمونە بڕیارە خۆشەویست وپارێزەری منداڵان بن. لە هەندێ شوێن تەنانەت کاتێک کۆمەڵگەو دەوڵەت هەندێک مافی منداڵان دان پێدائەنێن، هێشتا دەمارگیری ئاینی و بیروباوەڕی باوی خودی خێزانەکان، منداڵەکان لە مافەکانیان بێبەش دەکات. هەر بەو دەلیلە بۆ ئەوەی مافەکانی منالان بەدەست بهێنین ئەبێت خەباتیش بکەین لە دژی ئەم دواکەوتویی و دەمارگیریانە.

**سەوسەن بەهاری: هەندێک لە گەورە ساڵان دژی بەشداربوونی منداڵان خۆیانن لە کەمپینەکانی خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی منداڵان، بەڵام بە هەمان شێوە هەر وەک ئەزانی (وە "داروگ " وەک بەشێک لەوە ئەوەی نیشانداوە) ڕاستیە تاڵەکانی کاری منالان و هەزاران کێشەی تر، بەکردەوە زۆرێک لەوانی کێش کردوەتە ناو ئەم خەباتە. بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییەو چ ڕێنوێنیەکتان هەیە؟**

**مەنسوور حیکمەت:** منداڵان کە خۆیان قوربانی ستەم و بێمافی و چەوساندنەوەن، وەک ملیۆنان منداڵ کە بە کرێیەکی کەم و لە هەلومەرجێکی خراپدا کاردەکەن، یان کچانی خێزانە دەمارگیریە ئیسلامیەکان کە ڕێگای ژیانێکی ئاساییان لێدەبەستن، بەدڵنیاییەوە ئەبێت نارەزایەتی دەربڕن وە دەریشی ئەبڕن. بەڵام بە بۆچونی من، ئەمە لەگەڵ ڕاکێشانی منداڵان لە وڵاتانی وەک سوید بۆ ناو کۆبونەوە سیاسیەکان ومانگرتن و خۆپیشاندانەکان زۆر جیاوازی هەیە. من لەگەڵ ئەوەی دووهەم زۆر ناکۆکم. بە بڕوای من باوک ودایکان و قوتابخانەکان وگەورەکان نابێت منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی پەلکێش بکەن بۆ ناو هەڵسوڕانی سیاسی و حیزبی وکۆڕوکۆبونەوەکانی خۆیان. ئەمە سەربەخۆ لە بۆچوونی سیاسی دایک وباوک، جۆرێکە لە مێشک شۆردنەوە. لەوانەیە بۆ هەندێک ئەوەی کە باوک و دایکێک لە خۆپیشاندانەکاندا وێنەی مارکس ولینین یان نیلسۆن ماندیلا و ئیقباڵ مەسیح بدەنە دەست منالەکانیان، وەک کارێکی زۆر پێشکەوتنخوازانە بێتە پێشچاو، بەڵام ئەو منداڵە هەر بەو ئەندازەیە لەژێر کاریگەری دایکان وباوکان و گەورەکاندا و بێ سەربەخۆیی ئەندێشە ئەو کارەی کردوە، کە منالانیک لەلایەن سڤاستیکاوە (خاچە شکاوەکەی فاشیستەکانی) لکاندوە بە باڵیانەوە و (لا الە الا اللـە) لەناوچەوانیان دەنووسن. وە باوەڕ بەوە دەکەی کە ئەمەی دووهەمەیان زۆر جێگای نیگەرانییە. من دژی ڕاکێشانی منداڵانم بۆ ناو جوڵانەوە سیاسی و ئاینیەکان. بەرنامەی حیزبی ئێمە زۆر بەڕۆشنی بردنی منالانی بۆ ئەو جۆرە کۆبونەوە و گربونەوە مەزهەبیانە ڕەتکردۆتەوە. بە بڕوای من ئەو دایک وباوکانەی کە ئەیانەوێت منداڵەکەیان ئازادیخواز وئازاد وەباربهێنن، پێویستە ئامڕازی سەربەخۆیی بیرکردنەوەیان بدەنێ، پیویستە کەشێکی ئازادو ئازادی بیرکردنەوەی بۆ فەراهەم بکەن. پێویستە بیروباوەڕە خورافی و باوەڕە باوەکان (سونەتی) و گوشاری مێشک شۆردنی سیستەمی پەروەردەیی و ڕاگەیاندنەکان لە قسەوباسەکانی خۆیدا لە کردەوەی ڕۆژانەی خۆیدا لە بەرچاوی ئەودا ڕەخنەی لێبگریت وە لەهەمان کاتدا داوا لە ئەو بکەیت کە بیربکاتەوە، ببینێت، بپرسێت وە لە دۆزینەوەی بۆچوونی کۆتایی خۆی پەلە نەکات. مەسەلەیەکی تر بە بڕوای من ئەوەیە کە پیشاندانی هەموو ڕەشیەکانی دنیا، تەواوی زوڵمەکان، تەواوی سەختیەکان و خراپەکان بە منداڵان کارێکی دروست نییە. نابێت دنیایی گەشبین وپڕ ئومێدی منداڵان تێک بدەین. بە بڕوای من منداڵی "زۆر سیاسی" بە گریمانەیەکی زۆر گەورەیەکی لا موبالاتی لێ پەیدادەبێت. گۆشەیەکی هەوڵی مرۆڤ بۆ گۆڕینی جیهان، هاتنی بەردەوامی نەوەیەکی نوێیە بۆ دونیایەک کە نایەکسانی و دواکەوتویی بۆیان زۆر ڕاچڵەکێنەرە و جێگای پەسندیان نییە. چ میهرەبانییەکی تێدایە کە ئێمە پێش منداڵەکان ڕەسمیەت بدەین بەم وێنە نەنگینە.

**سەوسەن بەهاری: ڕێکەوتنامەی مافەکانی منداڵان، ١٨ ساڵی وەک تەمەنی منداڵی دیاری کردوە و ئەنجامدانی کاری پیشەیی بۆ منداڵانی خوار ١٨ ساڵ بە ڕێگە پێنەدراو داناوە، لە کاتێکدا لە بەرنامەی حیزبدا ئەم تەمەنە بە ١٦ ساڵ دانراوە. هەڵبەت بەبۆچونی من ١٦ ساڵ بڕیاری بەشداری منداڵان لە ژیانی کۆمەڵایەتی، هەڵبژاردن و ... ئاسان ئەکات، بەڵام لە لایەکی ترەوە بە بۆچونی زۆریک لە پزیشکان و شارەزایان، توانای جسمی بۆ کاری پیشەیی لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا کامڵ ئەبێت، بۆچونی ئێوە لەو بارەوە چییە؟**

**مەنسوور حیکمەت:** بە بۆچونی من تەمەنی یاسایی ١٦ساڵ بۆ دنیای ئەمڕۆ زۆر گونجاوترە. لاوێکی ١٦ ساڵەی ئەمڕۆ، قەبارەیەکی زۆر گەورەتری لە زانست و زانیاری و هەواڵ بە بەراورد لەگەڵ لاوێکی ١٨ ساڵەی دوو دەیە لەمەو پێشدا لە ئەندێشەی خۆیدا پاش و پێش دەکات. لە بواری زانستیشدا چالاکتر و دەرگیرترە، خاوەن بۆچونی زیاترە. لە ڕوی ڕەوشت و ڕۆشنبیریەوە سەربەخۆترە، ئاشکرایە کە ئەبێت کار و سەعاتکاری لاوێکی ١٦ساڵە، هەتا یەک لاوی ١٨ ساڵە، ئەبێت لەگەڵ تایبەتمەندیەکانی لەش و لاریدا گونجاو بێت. بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا خودی مۆڵەتدان بە چوونە ناو کۆمەلگە و جیهانی سیاسەت و چالاکی ئابوری لە ١٦ ساڵیدا گونجاوتر دێتەپێش چاو.

**وەرگێڕانی:کاوە عومەر**

**پێداچوونەوەی: هیوا ئەحمەد**

**سەرچاوە:**

**بڵاوکراوەی "داروگ"، ژمارە ٥ ساڵی دووەم – نۆڤەمبەری ١٩٩٨.**

# شوان حەمە : پارتی و یەکێتی ئەمڕۆ، با لە فۆرمی حکومەتی هەرێم و پەرلەمانیشدا بێت، دابڕاو نییە لە مێژوی شەش دەیەی ململانێ و ئاشتبوونە و شەڕ و ئاشتی ئەو دوو حیزبە ...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەنووس شوان حەمە، سەبارەت ئامانج و ئایندەی ڕێکەوتنی پارتی و یەکێتی...



**بۆپێشەوە: ٨ ی ئەم مانگە جێگری سەرۆکی حکومەت! دوای زیاتر لە ٦ مانگ کەنارەگیری لەگەڵ سەرۆکی حکومەت کۆبوەوە، بەجیا لە بانگەشەی پارتی و یەکێتی، هۆکاری سەرەکی کەنارەگیری جێگری سەرۆکی حکومەت چی بوو؟**

**شوان حەمە:** تا ئێستا ڕوون نییە ئایا ئاشتبوونەوەی مەسرور بارزانی و قوباد تاڵەبانی، ڕیکەوتن و پێکەوەکارکرنی داهاتوو گەرەنتی دەکات یان نا!

ڕووداوەکانی شەش مانگی ڕابردوو، وەک یەکەمین ئەزموونی نەوەی دووەمی بارزانی و تاڵەبانییەکان، کە لەیەککاتدا جومگەکانی حیزب و حکومەتیان کۆنترۆڵ کردوە، یەکەمین شکستی پێکەوەکارکردنی ئەو نەوە نوێیەیە، کە پێدەچێت هەردوو لا، هەڵگری هەمان ڕێباز و میزاجی سیاسی باوانیان بن.

پارتی و یەکێتی ئەمڕۆ، با لە فۆرمی حکومەتی هەرێم و پەرلەمانیشدا بێت، دابڕاو نییە لە مێژوی شەش دەیەی ململانێ و ئاشتبوونە و شەڕ و ئاشتی ئەو دوو حیزبە.

**بۆپێشەوە: سەرۆکی پارتی کە خۆی کەسی یەکەمی پارتییە لە کردنەوەی یادگەی بارزانی نیشتیمانی!!، داوای لە پارتی و یەکێتی کرد کۆتایی بە تەشەنوجی نیوانیان بهێنن و ناو "ماڵی کورد" ڕیکبخەنەوە، پرسیار ئەوەیە سەرۆکی پارتی کەخۆی لایەکی سەرەکی کیشەی نیوان پارتی و یەکێتی و دۆخی سیاسی کوردستانە، بۆ ئەو داوای ڕیکەوتنی پارتی و یەکێتی دەکات وخۆی بەدوور بێ لایەن لە کیشەکان و دەخاتە ڕوو؟ ئایا ئەو مامەڵەیە بەمانای ئەوە نایەت وەکو مەرجەع!! دەیەوێت خۆی دەربخات و جێ بخات؟**

**شوان حەمە:** سەرۆکی پارتی مەسعود بارزانی، ئەگەرچی خۆی ساڵانێکی زۆر سەرۆکی هەرێم بووە، بەڵام هەرگیز باوەڕی بە دامەزراوگە حکومییەکان نەبووە، بۆ نموونە کەی لەبەرژەوەنی پارتی بووبێت کاری بە دامەزراوە حکومییەکان کردووە، کەی لەبەرژەوەندی پارتی نەبوبێت، دامەزراوەکانی پەک خستووە، نموونەی داخستی پەرلەمان لە دوای دروستبونی گۆڕان، لە ئێستاشدا سەرباری ئەوەی کوڕەکەی سەرۆکی حکومەت و برازاکەی سەرۆکی هەرێمە، بارەگای بارزانی کردووەتە و وەک مەرجەعێکی سەر و حکومەت و هەرێم ڕەفتار دەکات.

مەسعود بارزانی لەوە تێگەیشتووە کە گرژیەکانی نێوان حیزبەکەی و یەکێتی، پاشەکشەی حیزبەکانیتر بە هۆی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان و دواخستنی هەڵبژاردن، پێگەی مەسرور بارزانی و نێچیرڤان لاواز دەکات.

یەکێک لە هۆکارەکانی باگهێشتی بازرانی بۆ کۆبوونەوەی هێزە سیاسیەکانی، بۆ بەرگرتنە لە دروستبوونی ئەو لاوازییە و گەڕانەوەی پارتی وەک خاوەنی پرۆژە و کۆکردنەوەی حیزبەکانیتر لە دەوری خۆی.

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕوانییە ڕێکەوتنی ئەمجارە، ئایا ئەمە ویستی پارتی و یەکێتی بوو یان گوشاری دەرەکی بۆ ئەوەی چیتر هەڵبژاردن دوانەخەن؟**

**شوان حەمە:** کرۆکی ئەم ململانێ نوێیە، دوور و نزیک پەیوەندی بە دادپەروەی کۆمەڵایەتی و دۆخی ئابووری گشتی و قووتی خەڵک نییە، بەڵکو پەیوەندی بە داڕشتنەوەی بالانسی هێز و سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی داهاتەکانە لە نێوان یەکێتی و پارتیدا، بە دیاریکراویش دۆزینەوەی گاز لە ناوچەی ژێردەستی یەکێتی. شەڕی ئۆکرانیا و دەرهاویشتەکانی، کورتهێنانی زۆری لە بەرهەمی گازدا لێکەوتووەتەوە.

ئاشتبوونەوەی ئەمجارەی پارتی و یەکێتی، هێندەی فشاری ئەمریکا و هاوپەیمانان بوو، هێندە خواست و پێویستی پارتی و یەکێتی نەبوو.

**بۆپێشەوە: دەوترێت دوای هەر ڕیکەوتنێکی پارتی و یەکێتی، بارگرژی و هەڵشاخان و شەرێکی تر ماوە، ئەوە تا چەندە راستە و هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕیتەوە؟ ئایندەی ڕیکەوتنی ئەم جارە چۆن دەبینن؟**

**شوان حەمە:** لە دۆخی ئێستادا کە پارتی و یەکێتی سامانی سەرزەوی و ژێرزەوی هەرێمیان بەدەستە، ئەگەری شەڕی ناوخۆ (هاوشێوەی شەڕی ناوخۆی ١٩٩٤ ـ ١٩٩٨) ئەگەرێکی دوورە. بەڵام گرژی سیاسی و ڕەنگە پێکدادانی سنورداری چەکداری لێرەولەوێ، هەمیشە ئەگەرێکی کراوەیە.

**بۆپێشەوە: تۆ چۆن دەڕوانیتە دەستەواژەی "یەک ریزی ناو ماڵی کورد" ئایا ئەم یەکریزییە لە ڕوانگەی پارتی و یەکێتیەوە زیاتر لە ڕیکەوتن و سازانی نیوان پارتی و یەکێتییە؟**

**شوان حەمە:** چەمکی (یەکڕیزی ناوماڵی کورد) چەمکێکی ئاڵۆزە، کورد کە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، لەلایەن هێزە ئیمپریالیستەکانی ئەوکات، بەفەرمی بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەشکرا.

لەسەر ئاستی نەخشەی سیاسی نیودەوڵەتی، تا ئێستا یەکڕیزی ناو ماڵێ کورد جێگەیەکی دیارکراوی نییە.

لەسەر ئاستی ناوخۆی حیزبەکوردییەکان، زۆرجار یەکڕیزی ناو ماڵی کورد، نەک وەک چەمک، بەڵکو وەک دەستەواژەیەک بۆ وەبەرهێنانی سیاسی حیزبی و دەستکەوتە حیزبییە کورتماوەکان بەکار هاتووە. پێموابێت لە داهاتووشدا هەر وا بەکاری دێنن.

حیزبەکانی دەرەوەی هاوپەیمانی پارتی و یەکێتی، لە زۆر قۆناغ و ڕووداودا نەیانتوانییەوە، بە شوناس و ڕۆڵی سەربەخۆوە جوڵەی سیاسی بکەن، بەڵکو لە زۆر قۆناغ و ڕووداوی گەورەدا، لە پێناوی بەرژوەندی خۆیان، لەباشترین حاڵدا ڕۆڵی شوێنکەوتوی سیاسەتی پارتی و یەکێتیان بینیوە، لە خراپترین حاڵیشدا یان ترسێنراون و بێدەنگ کراون.

**ڕووداوەکانی شەش مانگی ڕابردوو، وەك یەكەمین ئەزموونی نەوەی دووەمی بارزانی و تاڵەبانییەکان، كە لەیەككاتدا جومگەكانی حیزب و حكومەتیان كۆنترۆڵ كردوە، یەكەمین شكستی پێكەوەكاركردنی ئەو نەوە نوێیەیە، كە پێدەچێت هەردوو لا، هەڵگری هەمان ڕێباز و میزاجی سیاسی باوانیان بن ...**

**سەرۆکی پارتی مەسعود بارزانی، ئەگەرچی خۆی ساڵانێكی زۆر سەرۆکی هەرێم بووە، بەڵام هەرگیز باوەڕی بە دامەزراوگە حکومییەکان نەبووە، بۆ نموونە كەی لەبەرژەوەنی پارتی بووبێت كاری بە دامەزراوە حکومییەکان کردووە، کەی لەبەرژەوەندی پارتی نەبوبێت، دامەزراوەكانی پەك خستووە، نموونەی داخستی پەرلەمان لە دوای دروستبونی گۆڕان...**

**کرۆکی ئەم ململانێ نوێیە، دوور و نزیك پەیوەندی بە دادپەروەی کۆمەڵایەتی و دۆخی ئابووری گشتی و قووتی خەڵك نییە، بەڵكو پەیوەندی بە داڕشتنەوەی بالانسی هێز و سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی داهاتەکانە لە نێوان یەکێتی و پارتیدا، بە دیاریکراویش دۆزینەوەی گاز لە ناوچەی ژێردەستی یەکێتی...**

## درێژەی...لە ئاگری جەنگەوە بەرەو ژیانی ئیشق

کەس و کارو بنەماڵەی ساراوە، زۆر بۆ سارا دەهێنن و پێی دەڵێن ئەو چاوەڕوانیەت بێ سودە، ئەوە چەند ساڵێکە هیچ سۆراغێکی عومەر دەرنەکەوتوە، بۆیە کاتی ئەوە هاتوە ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی تردا دروست بکەی و بتوانیت ژیانێکی ئاسودە بژی لەگەڵ کەسێکی تردا، ئەگەرچی بۆ سارا سەخت بوو وەها بڕیارێک بدا، بەڵام زەرورەتی ژیانیش وەهای لێدەکا بەناچاری جارێکی تر بچێتەوە ناو ژیانی هاوسەرێتیەوە.
لەکاتێکدا عومەری هاوسەری یەکەمی بەدیلی گیراوە لەئێران و زیندانیە و ناوی بەبێ سەروشوێن ڕۆیشتوە.

### دابڕانی هەمیشەیی نێوان عومەرو سارا.

دوای بەدیلگرتنی عومەر لە بەرەکانی جەنگ لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە، دۆخی عومەر بەیەکجاری تێک دەشکێ لەلایەک عومەر کەسێکی سونە مەزهەبەو کوردەو ناوەکەشی بۆ مەزهەبی شیعە گومناوترین ناوە، کەهیچ خۆشیەکیان پێ نایەت، حاڵەتی سایکۆلۆجی عومەر تا دێت بەرەو خراپی دەچێ.

نوسەر بەشێوەیەک وێنای ئەو حاڵەتە دەرونیەی عومەرمان بۆ دەکات کە خوێنەر لەڕێگای زمانی وێنەوە لە دۆخی عومەر تێ بگات، کەلەپشتی ئیڤایەکی سەربازیەوە شەکەت و ماندوو بەسەرسەریەوە سەربازی ئێرانی بەسەرپۆیەتی و چاوی بڕیوەتە ئەو ئەڵقەیەی کە لەپەنجەی عومەردایەو دیاری ڕۆژی هاوسەرگیریەکەیەتی، عومەر بەوردبونەوەی دەچێتە ناو قوڵایی ڕۆژە خۆشەکانی لەگەڵ ساراداو سەربازی ئێرانیش لەتۆڵەی ئەوەی ناوی عومەرەو سەر بە مەزهەبی سونەیە دەیەوێ ئەو ئەڵقەیە کە ئاڵتونە لەپەنجەی دابکەنێ و بۆ خۆیی ببات وەک دەسکەوتی جەنگ، لەکاتێکدا سەربازەکە دەیەوێ بە قەمەی تفەنگەی ئەڵقەکە لەپەنجەی عومەر دەربکات، لەبەرامبەریشدا عومەر بە وردبونەوەی سەربازەکە لە پەنجەی لای وایە ئەویش وەک ئەم خاوەنی خۆشەویستی خۆیەتی و لەئێستادا بەهۆی ئەو ئەڵقەیەوە بیری خۆشەویستەکەی دەکات، بەپێچەوانەشەوە تەماشکردنی سەربازەکە بۆ ئەڵقەی پەنجەی عومەر بەشێوەیەک دڕاندەیە بیرلەوە دەکاتەوە گەر لەپەنجەی دەرنەهات ئەوا بە قەمەی چەکەکەی پەنجەی لێبکاتەوەو ئەلقە ئاڵتونەکە بەرێ، دواجار هەر واش دەکات و پەنجەی عومەر لەبنا دەبڕێ و ئەڵقەکە دەردەهێنێ، بە بڕینی پەنجەی عومەر بردنی ئەڵقەکە، عومەر هەست بە دزینی ئەو ئیشقە پاکەی دەکات کە بەدیل و زەلیلی ناهێڵن خەونی ئیشقەکەی بەردەوام بێ.

### هەیاس ئەو باخەوانەی ئیشقەکەی عومەری موتوربە کرد

ئیڤا سەربازیەکە ئەو وەجبە سەربازە عێراقیەی گواستەوە بۆ زیندانی کەرەج، لەوێرا عومەر، لەناو سەربازە دیلکراوە عێراقیەکانەوە هەیاس دەناسێ و لەنزیکەوە دەبن بە هاوەڵی نزیکی یەکتر چون هەردووکیان کورد زمانن،

عومەر دابڕانی لەسارای خۆشەویستی وەهای لێ دەکات ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەرچی وزەو توانایەکی هەیە لەدەستی بدات، بەچەشنێک شێت و شەیدای سارایە مەگەر وەلی دێوانە بۆ شەم وەها بوبێ. چیرۆکی ئشقەکەی عومەر بۆ سارا، ڕۆژانە لەزاری عومەرەوە وەک ئەوەی خۆشیەک بەڕۆحیدا بێت بۆ هایەسی هاوڕێی دەگێڕێتەوە بە جورێک کاریگەرێتی لەسەر هایاس بەجێ دەهێڵێ، لەدوای مەرگی عومەریشەوە کە بەو ئازارەوە لەزیندانا سەردەنێتەوە ، هەیاس ببێتە جێگرەوەی عومەر و بەردەوام لەڕێگای خاچی سورەوە نامە بنێرێ بۆ سارا بەناوی عومەرەوە ، لەکاتێکدا عومەر لەژیاندا نەماوەو ساراش شوی کردۆتەوە.

### کافکاو هەیاس لەدوالیزمی پشتی دەقدا

کافکا نووسەری چیکی لە باخچەیەک لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا پیاسەی دەکرد، بەڕێکەوت کیژۆڵەیەکی بینی دەگریا، لێی چووە پێش و لە کیژۆڵەکەی پرسی: بۆ دەگریت؟

کۆلێژۆڵەکە وتی: ئاخر بووکەڵەکەم ون کردووە.

کافکا لەگەڵ کیژۆڵەکە تاوێک بە باخچەکەدا بە دوای بووکەڵەکەدا گەڕان و نەیاندۆزییەوە، بۆیە کافکا بە کیژۆڵەکەی وت: خەمت نەبێت بەیانی دیسان وەرەوە بۆ ئەم باخچەیە و لەم کاتەدا منیش دێم و دەتبینم و دووبارە و بە دوایدا دەگەڕێین.

بەڵام کافکا دەیزانی کە بەیانیش بووکەڵەکە نادۆزنەوە، بۆیە هەر شەوێ نامەیەکی نووسی و خستییە گیرفانی پاڵتۆکەیەوە!

بۆ بەیانی کە یەکیان بینیەوە دیسان گەڕان و نەیاندۆزییەوە، کافکا نامەکەی دا بەکیژۆڵەکە وتی: هانێ ئەمە بووکەڵەکەت بۆی ناردوویت.

کیژۆڵەکە نامەکەی کردەوە تیایدا نووسرابوو: نیگەران مەبە هاوڕێ جوانەکەم، تکایە مەگری من چووم بۆ سەفەر بۆ ئەوەی دنیا ببینم و باسی ئەو شتانەت بۆ بکەم کە دەیانبینم.

ئیدی بەم جۆرە چاوپێکەوتنی کافکا و کیژۆڵەکە تا نزیکەی کۆتایی ژیانی کافکا بەردەوام بوو.

هەموو جارێک کافکا نامەیەکی بووکەڵەکەی بۆ کیژۆڵەکە دەخوێندەوە و تیایدا باسی چیرۆک و سەرکێشییەکانی بووکەڵەکەی بۆ دەکرد کیژۆڵەکەش چیرۆکەکانی زۆر بەلاوە خۆشبوو.

دواجار کافکا بووکەڵەیەکی نوێی کڕی و دای بە کیژۆڵەکە و پێیوت: ئەوەتا بووکەڵەکەت گەڕاوەتەوە لە سەفەر!.

کیژۆڵەکە وتی: بەڵام ئەمەیان هیچ لەوەی خۆم ناچێت!.

کافکا نامەیەکی تری دایە و بۆی خوێندەوە تیایدا نووسیبووی: نیگەران مەبە هاوڕێ جوانەکەم ئەوە منم، بەهۆی سەفەرەکەوە شێوەم گۆڕاوە!

کیژۆڵەکە زۆر دڵ خۆشبوو باوەشی بە بووکەڵەکەدا کرد و ڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە.

دوای ساڵێک لەم بەسەرهاتە کافکا کۆچی دوایی کرد.

بەڵام دوای چەند ساڵێکی تر کیژۆڵەکە گەورەبوو جارێک بەڕێکەوت نامەیەکی بچووک لە ناو سکی بووکەڵەکەدا دۆزییەوە و تیایدا کافکا نووسیویەتی: »دەشێت هەموو ئەو شتانەی کە خۆشمان دەوێن لە دەستیان بدەین، بەڵام هەمیشە خۆشەویستی بەهەر ڕێگایەک بێت دێتەوە بۆ لامان.*«١

(هەیاس) یش چەشنی کافکا دەیەوێ دڵی سارا ڕاگرێت کە عومەری هاوژین و خۆشەویستی دابڕاوەو ونکردوە بۆیە لەڕێگای نامەکانیەوە بەناوی عومەرەوە دەیەوێ ئەو حەقیقەتە تاڵە لای سارا ئاشکرا بکات کە ئەگەرچی عومەر خۆشەویست و مەئشوقت بووە، بەڵام لەئێستادا لەڕووی جەستەییەوە ونە وەلێ هەموو ساتێک لەگەڵماندایەو دەژی. هەست بە بوونی ڕۆحی ئەو دەکەین.

**١ -لە کتێبی/ گەمژەییەکانی بڕۆکلین نوسینی پۆل ئۆستەر**

**وەرگێڕدراوە..**

**٢ -ڕۆمانی تفەنگە ژەنگاویەکان عبدالقادر سەعید**

## درێژەی .... دوا وتە

ئۆپۆزیسیۆنی بۆدەڵەی سیاسی، دەیانەوێت ئاوی موبارەکە بکەن بە گرنگی هەڵبژادنەکان و پیرۆزی ببەخشنەوە بە پەرلەمان، بۆ ئەم مەبەستە هەموو هەوڵێک دەدەن تا خەڵک بانگەواز و فریو بدەن کە بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن، بەڵام هەوڵی ئەمانەش هەوڵێکی ناکامە... بەتایبەتی کە خەڵکی کوردستان ئەزموونی لەگەڵ هیزێکی ئۆپۆزیسیۆنی وەکو بزوتنەوەی گۆڕان هەیە، کە نەک نەیان توانی بەها بۆ پەرلەمان و هەڵبژاردن بگێرنەوە، بەڵکو بوونە هۆکارێک و بەشدار لە دزی تالانی و گەندەڵی و رتوش کردنی روخساری دەسەڵاتێ چەتەکان و سەرئەنجامیش بەدەستی بەتاڵ هاتنە دەرەوە و بوونە قوربانی وەهمەکانیان بە هەڵبژاردنەکان و فریوکارییەکانیان سەبارەت بە گۆڕانکاری، تا رادەی سوک کردنی دەستەواژەی "دەیگۆڕین".

سەرجەم سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی و هاوبەش ئیسلامیەکانیان، بێ شەرمانە دەڵێن، پەرلەمان دامەزراوەیەکی یاسایی و هەرێم و دەستکەوتێکی گرنگی خەڵکی کوردستانە، کەچی بە ئاشکرا ئەم دامەزراوەو دەستکەوتەیان!! کردۆتە تەیرێکی گول و عەنتیکە... ئەوەی لەهەموویان زیاتر پەسەند و ستایشی پەرلەمان دەکات، هەر ئەویش کەی بیەوێت دەرگاکەی دادەخات، رایدەگرێت، رێگری لە سەرۆکەکەی دەکات سەردانی بکات... پەرلەمان زۆرتر وەکو دوکانێکە خاوەنەکەی کەی بیەوێت دەرگاکەی دەکاتەوە کەی نەخوازێت دایدەخات.. ئەوەش گەواهی دەری ئەو راستییە کە خودی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی کایە بە دامەزراوە یاسایەکەیان!! دەکەن، بۆیە ئەگەر پەرلەمان کەمترین بەهای هەبێت، لەو بەهایەش خاڵی کراوەتەوە و ئەوەش بێ بەهای کردووە هەر ئەوانەن کە بەشان و باڵی پەرلەماندا هەڵدەدەن.

دیارە بەجیا لە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و هاوبەش ئیسلامیەکانیان، لای خەڵکی کوردستان و هەر کەسێکی هوشیار رۆشنە، پەرلەمان نە دەستکەوتی خەڵکی کوردسانە و نە دامەزراوەیەکی یاسایی و نە هیچ بەهایەکی بەکردەوەی هەیە... پەرلەمان لە جێگای ئەوەی جێگایەک بێت بۆ دانانی یاسادانان و وەڵامدانەوە بە هیچ گرفت و کێشەیەک، خۆی بۆتە کیشەو سەرچاوەی گرفت و بار گرانیەکی زۆر بەسەر خەڵکی کوردستان و داهاتەکەیەوە و گۆرەپانێک بۆ زیادکردنی قڵشتی زۆنە دابەش کراوەکانی هەرێم... تەنانەت ئەگەر دەیان یاساش لەو پەرلەمانە دەربچێت، پیش مەرجەکەی ئەوەی شکۆی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی نەشکێنێت و بەرگریان لێ بکات، لەوەش زیاتر یاسایەک لەو پەرلەمانە دەرنەچووە کە خزمەتێک و دەستکەوتێکی بۆ جەماوەری فراوانی بێبەشی خەڵکی کوردستان هەبێت. پارتی و یەکێتی کە پەرلەمانیان کۆنترۆڵ کردووە، دەزانن هیزو توانایی پەرلەمان و لەچاو هەژموونی حزب و سەرۆکەکاندا، لاوازترین ئەڵقەی دەسەڵاتی هەرێم و ملکەچی تەواوی حزبە و راسپاردەکانیەتی.

ململانێی زۆنەکان، کە پارتی و یەکێتی دەسەڵاتیان تیادا داسەپاندووە، تا دێت قوڵتر دەبێتەوە... هۆکاری ئەوەش بە پلەی یەکەم ئەو ئەزمەو بێ ئاسۆییە سیاسییە کە پارتی و یەکێتی دەرگیری بوون. ئایندەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی لەبەرامبە بە هەژموونی بەغدا لەلایەک و نارەزایەتی جەماوەری و گوشارەکانی ئەمریکا و غەرب لەسەریان، لەبەردەم بچوکبوونەوە دایە... دەسەڵاتیان روو لە داماڵیین و مل کەچ بوونە بۆ بەغداو دەسەڵاتی ناوەندی. ئەو دۆخە بۆتە هۆکارێکی سەرەکی کە پارتی و یەکێتی هیندەی تر قڵشتی نیوانیان بۆ بەرگری لەدەسەڵاتیان لەبەرامبەر بەغدادا، قوڵتر بێتەوە...

دەتوانین بلێین پارتی و یەکێتی و سەرجەم بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد، هیچ کارتێکی کاریگەری لەبەرامبەر بە بەغدادا لەدەستدا نییە، ئەوەش بۆتە هۆکارێک کە بکەونە حاڵەتی بەرگرییەکی سلبییەوە و لەم ململانێی بەگری کردنەشدا ململانێی نیوانیان، قوڵتر و ریکەوتنەکانیان کاتی و لەرزۆک و کورت مەودا بێت... ئەوەی لە پەرلەمانی کورستان و دواتر لەسەر پرسی بودجە لە بەغدا روویدا تەنها گۆشەیەک لە دەرهاوێشتەکانی ئەم دۆخە تازەیەیە. هەڵبژاردنی داهاتووش کە لەژێر گوشاری ئەمریکاو غەربدا ناچارن ئەنجامی بدەن، ئەم مۆتەکەیە کە لێیەوە داکوژانی رۆڵی سیاسی خۆیانی تیادا دەبینین... ئەوەی لەم نیوەدا جێگای هەڵویستەیە نەبوونی ئەلتەرناتیفی پارتی و یەکێتییە... نەبوونی رێگاچارەو نوینەری خەڵکی کوردستانە لەبەرامبەر بە بەغداو سیاسەتەکانی... نەبوونی بەدیلێکی سیاسی بەهیزە کە نوێنەرایەتی خواستە سەرەکیەکانی خەڵکی کوردستان لە ئاستی ناوخۆ و لەبەرامبەر بەبەغدا و بۆ دیاریکردنی ئاییندەی سیاسی کوردستان بکات... هەر ئەوەشە وا دەکات تەمەنی ئەزمەگرتووی پارتی و یەکێتی سەرباری بێ ئاسۆییان درێژ بکاتەوە...

بۆپێشەوە
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
FORWARD

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

د.ڤیان سلێمان, شوان حەمە، بنار مستەفا، ئارام حەسەن، وریای رەسام،جەمال نوری، کاوان قادر، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، عوسمان محەمەد، ئاراس رەشید، سەردار عەبدوڵا حەمە، کاکەلاو تەحسین،عەبدوڵا مەحمود،...

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"ئامانج لە ڕێکەوتنی پارتی و یەکێتی و ئایندەکەی"...

## ٣٣ پرسیار بۆ وروژاندنی خەیاڵی داهێنەرانەی مناڵ ...وەرگێرانی لە عەرەبییەوە: عەلی حەمە ڕەشید

بۆ جوڵاندنی خەیاڵی منداڵەکەت و هاندان بۆ داهێنان،دەتوانیت ئەم پرسیارانە ئاراستەی بکەیت ،کە دووره لەو پرسیارە کۆن و سواوانەی کە ڕۆژانە ئاراستەی منداڵ دەکرێن و بێزارن لە وەڵامدانەوەی. لە چاوی دایک و باوکەوە هیچ کەسێک گرنگتر نییە لە منداڵەکانی، بەڵام لە ئێستادا خەمی ژیان و گوزەرانمان ڕێگەمان پێنادات کە منداڵەکانمان بەو شێوەیە بناسین کە خۆمان ئارەزووی دەکەین. کەواتە بۆچی بە شێوەیەکی باشتر قسەیان لەگەڵدا نەکەین، با دەستەواژە ئاساییەکان بوەستێنین و بە دیالۆگ و گفتوگۆی ڕاستەقینە تاقییان بکەینەوە. لێرەدا کۆمەڵێک پرسیار دەخەینە ڕوو کە هاوکارت دەبن لە گواستنەوە لە پرسیاری باو و سواوی وەک "قوتابخانە چۆن بوو"، بۆ شتە نوێ و گرنگەکان بۆ ئەوەی زیاتر دەربارەی منداڵەکانت بزانیت و ڕەنگە لەبارەی خۆیشتەوە شتێک بزانیت.ئەم نزیککردنەوەیە ڕێگەتان پێدەدات کە کاتی خۆتان بەفیڕۆ نەدەن لە ئامۆژگارییە ئاکارییەکاندا و گفتوگۆ و مشت و مڕەکانتان بگۆڕن بۆ بابەتی بونیاتنەرانە لە پەیوەندییەکانتاندا. بۆ ئەم وتارە لە ماڵپەڕی (التربية الذكية)، بەشوێن هەندێک بابەتی گرنگدا گەڕاین لە ڕێگەی چەندین وتار و پەرتوکەوە،کە ڕەنگە مایەی گرنگی پێدانی خەڵک بێت لە بازنەی خێزانیدا و پەیوەندییەکان یەکگرتووتر دەکات،هاوکاریش دەبێت لە جوڵاندنی ئەندێشەی منداڵەکانتاندا.
ئەو پرسیارانەی کە جێگەی ئەو پرسیارە "ڕۆژەکەت چۆن بوو؟" دەگرێتەوە؟

لە ئەمڕدا گرنگترین شت بەلاتەوە چی بوو؟

ئەمڕۆ چی فێربوویت؟

چی ڕوداوێکی ئەمڕۆ زەردەخەنەی خستە سەر لێوەکانت؟

کێ لە ئەمڕدا کردارێکی پێکەنیناوی ئەنجامدا؟ کێ ئەمڕۆ لە پۆلدا نوکتەیەکی گێڕایەوە؟

ئەمڕۆ بە چی ڕووداوێکی لە ناکاو سەرسام بوویت؟

ئەمڕۆ یارمەتی هاوڕێیەکت داوە؟

ئەمڕۆ کەسێک یارمەتی دایت؟ یان شتێکی خۆشی پێوتیت؟

ئەمڕۆ شانازیی بەخۆتەوە دەکەیت؟ بۆچی ؟

ئایا ئەمڕۆ خەمبار بوویت؟

ئایا ئەمڕۆ بەلاتەوە سەخت بوو ؟

ئەمڕۆ لەگەڵ هاوڕێکانتدا هیچ یارییەکت کرد؟

ئەمڕۆ خواردنت لەگەڵ کێ خواردووە؟

لە پۆلدا حەز دەکەیت هاوڕێیەتی کێ بکەیت ؟ پێت وایە ئەمە گونجاو بێت؟ بۆچی ؟

لە پۆلدا کێ لە تۆ دەچێت؟کێ لە تۆ جیاوازە ؟

کام مامۆستات هانت دەدات؟ کام مامۆستات هانت نادات؟

ئەگەر بۆ یەک ڕۆژ مامۆستا بوویتایە چیت فێری هاوپۆلەکانت دەکرد؟

ئایا ئەمڕۆ شتێک تورەی کردیت؟

ئایا کەسێک کارێکی هەڵەی کردووە؟

ئایا ئەمڕۆ هەستت بە کەمێک ونبوونی خۆت و بێ ئاگایی کردووە؟

ئەگەر بتوانیت ڕووداوەکانی ئەمڕۆت دووبارە بکەیتەوە، چی تێیدا دەگۆڕیت؟

ئەمڕۆ لە چی ئەرکێکدا سەرکەوتوو نەبوویت؟ وە لە چی ئەرکێکدا سەرکەوتوو بوویت؟
ئەو پرسیارانەی ئەندێشەی منداڵ دەجوڵێنن:

ئەگەر ئەم ئێوارەیە خواردن بباریێت ، چ جۆرە خواردنێکت دەوێت؟

حەزت لە سواری کام ئاژەڵە؟ فیل یان زەڕافە؟

ئەگەر توانای گۆڕینی ناوی ڕەنگەکانت هەبێت، چۆن ناویان دەنێیت؟

ئەگەر پشیلەکەت قسەی بکردایە، پێت وایە چی دەگوت؟

ئەگەر بتوانی داوای شتێک لە ئاژەڵێکی کێوی بکەیت، داوای چی دەکەیت؟

ئەگەر ئەشکەوتێکی خۆت هەبوایە، چیت تێدا دادەنا؟

چۆن دەتوانیت دیوارێک دروست بکەیت کە توانای نەڕوخانی هەبێت؟

کام ئاژەڵ ئەگەر هەیە دەتوانێت ئۆتۆمبێل لێبخوڕێت؟


چۆن دەتوانین شتێک دابهێنین کە بوونی نییە؟

ئەگەر بتوانی بەربەستی کات بشکێنیت چی ڕوودەدات؟

چۆن بەبێ پارە جیهان بنیات بنێین؟

ئەگەر دارێکی سیحریت هەبوایە، ئەو سێ شتەی کە ئاواتت پێدەخواستن چی بوون؟

سەرچاوە:
https://tarbiazakia.com/



بەرهەمی تازەی هونەرمەند وریای رەسام

## دوا وتە

# هۆکاری ناکامی کۆبونەوەکانی پارتی و یەکێتی چییە؟

**عەبدوڵا مەحمود**

دوای ئەوەی سەرۆکی پارتی، بانگەوازی پارتی و یەکێتی کرد کە کۆتایی بە تەشەنوجی نێوانیان بهێن و ناوی ماڵی کورد ڕێکبخەنەوە. هەروەها دوای کۆبونەوەی نێوان پارتی و یەکێتی و سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی... میدیاکانی پارتی و یەکێتی و بەرپرسە ڕێگەپێدراوەکانیان، بەپێچەوانەی جەنگی میدیایی پیشوو، بە پێچەوانەی هەڵدانەوەی کارنامەی یەکتری و داننان بە تاوانکاریی و نۆکەرپیشەیی و ژێر پێخستنی ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان و بەرینکردنەوەی قڵشتی نیوان زۆنەکانی هەرێم، ئەمجارە بەهاری پڕ گوڵزاری ئارامیان ڕاگەیاند و هەموویان بە ئەرێنی باسی کۆبونەوەی نێوانیان و گرنگی تەبایی و یەکێتی پارتیان کرد..

دوای هەموو ئەم هات و هاوارەی دوای کۆبونەوەکانی پارتی و یەکێتی و سەرۆکی حکومەت و جێگیرەکەی، کە کۆبونەوەکان کە دەوترا ئەرینی بوون، دوبارە و تەنها دوای ٤٨ سەعات، جەنگی میدیای و پێکداپژانی کادر و بەرپرسەکانی پارتی و یەکێتی دەستی پێکردەوە.

پەرلەمانی کوردستان کە بەمانای وشە نەک دامەزراوەیەکی یاسایی و نە دەستکەوتێکی خەڵکی کوردستان و نە پێکهاتەیەکی دانپیانراوی حکومی، بەڵکو بۆ شێواندنی رای گشتی ناوخۆ و دنیای دەرەوە لەلایەن پارتی و یەکێتی قوتکراوەتەوە، لەسەر پرسی کاراکردنەوەی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن بووە مەیدانی پێکداپژانی ئەندام پەرلەمانەکانی پارتی و یەکێتی.

دیارە کیشەی بناغەیی پارتی و یەکێتی واوەتر لە مەسەلەی هەڵبژاردن و کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن و جۆری هەڵبژاردن و باسی پێکهاتەکان و ...تاد، بەڵام خودی هەڵبژاردن بۆ یەکێتی و پارتی بۆتە کێشەیەکی واقعی وەکو یەکێک لە دەرهاویشەی گرفتە بناغەییەکانیان. پارتی و یەکێتی و سەرجەم حزبەکان گرفتی هاوبەشیان بەشداری نەکردنی خەڵک و بایکۆتی هەڵبژاردنەکانە... بۆ یەکێتی بەمانای دارمان و نیشاندانی کیرقی روو لەخواری قبوڵ نەکراوە. بۆ حزبەکانی تری دەرەوەی پارتی و یەکێتی بەجیا لە بایکۆتی خەڵک و بەشداری نەکردن، دەزانن لەرێگای هەڵبژاردنەکانەوە ئەگەر کورسی و پۆستیش بەدەست بهێنن، بەڵام لە دەسەڵات نزیک نابنەوەو و ناتوانن دەست لە دەسەڵات گیر بکەن... بۆ خەڵکی کوردستان گاڵتەجاری هەڵبژاردن کۆتایی هاتووە. خەڵکی کوردستان دەزانن لەریگای هەڵبژاردنەوە هیچ ئاڵوگۆڕیک بەدی نایەت و هەڵبژاردن بکرێت یان نا، پارتی و یەکێتی بەو هۆی هێزی چەکدار و ئەمنی و قوتی هاوڵاتیان و وابەستەیان بە بلۆکیکی ناوچەییەوە، هەر هیزی دەسەڵات بەدەستی هەرێم و خاوەن شکۆی زۆنی ژێر دەسەڵاتیانن. بەشێک لە ئەندام پەرلەمان و هیزی

بۆ لاپەڕە 13